# گوڵان

www.gulan-media.com

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە


# پاشەکشەی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان نمایشی هێزی دیپلۆماتی کوردستان بوو لە بەرامبەر ئەقڵیەتی عەسکەرتاری ژەنەراڵەکانی تورکیادا







## چەند زانیارییەک و خوێندنەوەیک دەربارەی یاری هەردوو یانەی هەولێر و غەرافەی قەتەری



## درێژترین بەدلەی بووک لە جیهاندا دروست کرا



## بۆچی جەمیلە ژەهرخواردووکرا


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥ ٠٦٦
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٧٥) ٢٠٠٨/٣/١٠

# سەردانی مام جەلال بۆ ئەنقەرە



ئیلنۆر چەڤیك

**لە کۆتاییدا مام جەلال توانیتی سەردانی ئەنقەرە بکات بە داخەوە ئەم سەردانە خۆی لە خۆیدا خراپی پەیوەندیەکانی تورك و کوردەکانی پیشاندا.**

هەندێ لە خەڵکی کوردستان ڕەخنە لە مام جەلال دەگرن لەبەر ئەوەی هەڵسا بە ئەنجامدانی ئەم گەشتە بۆ ئەنقەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین پێویستە ئەو ڕەخنەگرانە ئەو ڕاستەیان لەبەرچاوبێت کە دەبێت کەسێك هەڵبستێت بە کارێك بۆ کۆتایی هێنان بە بنبەست گەیشتنی پەیوەندیەکانی تورك و کوردەکان و سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکات.

مام جەلال خاوەنی بوێری بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. پێویستە ستایش بکرێت نەك ڕەخنەی لێبگیرێت.

ئێمە لەم سەردانەوە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەنقەرە لە ڕووی هزریەوە ناتوانێت واقیعی کوردی عێراق قبوڵ بکات و وەك هاوشانێك مامەڵە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بکات. ئەمە شتێکی جێی داخە بەڵام شتێکی ڕاستیشە.

سەرۆکی پێشوی تورکیا ئەحمەت نەجدەت سیزەر تەنانەت بانگهێشتکردنی مام جەلالیشی بۆ ئەنقەرە ڕەتکردەوە. ئەم جارەیان سەرۆکی نوێ عەبدوڵڵا گویل بەسەر ئەم ئاستەنگە دروونیەدا زاڵ بو و بانگهێشتی مام جەلالی کرد بۆ ئەنقەرە. بەڵام هەروەك هاوڕێم جەنگیز چاندار لە ستونەکەیدا لە "دەیلی ڕێفرەنس" نوسیتی ئەم گەشتە هەوڵێکی کەم و درەنگوەخت بوو.

سەردانەکە کەم و کورتی تێدابوو.

ئەو سەردانە سەردانێکی ڕەسمی نەبوو، بەڵکو سەردانی کار بوو لەبەر ئەوەی ئەنقەرە ئامادەنەبوو فەرشی سور بۆ پێشوازیکردنی مام جەلال ڕابخات. دامەزراوەی سەربازی خوازیار نەبوو هیچ دەستێوەردانێك لەو سەردانەدا بکات. ئامادە نەبوو کە ڕێوڕەسمی حەرەس شەرەف بۆ سەرۆکی عێراق ئەنجام بدەن. ئەمە بە لای کەمەوە هەڵەیەك بوو، هەروەها ئاماژەیەکی دۆستانە نەبوو بۆ خەڵکی عێراق کە مام جەلال سەرۆکی دەوڵەتەکەیانە.

بەڵام هۆکاری هەمو ئەمانە ئەوەبوو کە مام جەلال کورد بوو. گەر سەرکردەیەکی شیعە یاخود سوننە بوایە، ئەوا بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر پێشوازی لێدەکرا.

هەروەها ئەمە ئەو ڕاستیەی پیشاندا کە لە عەقڵ و هزری ئەنقەرەدا ئاستەنگێك هەیە لە ئاست کوردەکان و مەسەلەی کورددا. هەندێ لە کەسایەتیەکانی ناو حکومەت و کۆشکی سەرۆکایەتی درك بەوە دەکەن کە ئەمە کەم و کورتیە و دەبێت بەسەریدا زاڵ بن، بەڵام هێشتا توانا و دەسەڵاتیان نییە بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆیان بسەپێنن.

بە پێی ڕاپۆرتەکان حکومەتی عێراق و ئەمەریکیەکان داوایان لە شاندەکەی تورکیا کردووە لە بەغدا کە نێچیرڤان بارزانیش بەشێك بێت لە شاندەکە و یاوەری تاڵەبانی بکات. بەڵام ئەنقەرە ئەم داواکاریەی ڕەتکردەوە.

دەبێت ئیدارەکەی بارزانی لەو ڕاستیە تێبگات کە دۆستێکی کەمی هەیە لە ئەنقەرە. کەسانی وەك ئێمەش کە بە درێژای ژیانیان شەڕی پەرەپێدانی دۆستایەتی و برایەتی تورك و کوردەکانیان کردووە، بوێرانە درێژەیان بە خەباتەکەیان داوە لە پێناو ئەم کێشەیەدا و دەنگیان بەرزکردۆتەوە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندن لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا. ئێمە ئەوەمان ڕاگەیاندووە کە مەسعود بارزانی دۆستی تورکیایە نەك دوژمنی تورکیا. بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە هیچ پشتیوانیەکمان لێنەکراوە لە لایەن هەولێرەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە درێژەمان بەو خەباتە داوە. دەبێت هەردوو دۆستی ئازیزی ئێمە مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی تەقدیری ئەم کارەی ئێمە بکەن.

تاڵەبانی لەگەڵ کەسایەتیە تەکنوکراتەکاندا سەردانی ئەنقەرەی کرد نەك لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکان. لەبەر ئەوە سەردانەکە تەرخان کرا بۆ مەسەلە تەکنیکیەکان و مەسەلە ڕاستەقینەکانی وەك ئایندەی عێراق و دانوستاندن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەنها ئاماژەیان پێکرا، بەڵام دەستکەوتێك بەرچاویان بەدەست نەهات.

بەڵام بە لای کەمەوە مام جەلال کارێکی بوێرانەی کرد و ئەوەی پیشاندا کە سەرکردەی کوردی عێراق تەنانەت ئەگەر وەك بەرپرسێکی باڵای عێراقیش بێت ئەوا دەتوانێت سەردانی ئەنقەرە بکات.

با ئومێدی ئەوە بخوازین کە ئەمە ببێتە هۆی واڵاکردنی دەرگای ئەنجامدانی چەند فۆرمێکی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام من بە گومانم لەوە..

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

# پاش ئۆپەراسیۆنە بێ ئەنجامەکەی، تورکیاش پێویستی بە جەسارەتێکی سیاسی هەیە



فەیسەڵ دەباغ

دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بێ ئەنجامەکەی تورکیا، لایەنی سـەربازیی و سیاسی تورکیا گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، پێش ئەو هێرشەی سوپای تورکیا بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان هەر یەکە لە پارتەکانی گەلی کۆماری و بزوتنەوەی نەتەوەپەرست لەگەڵ سـوپای تورکیا دژی پارتی داد و گەشەپێدان بوون، بەڵام دوای ئۆپەراسـیۆنەکە پەیوەندییەکان پێچەوانە بوونەوە، واتە ئێستا پارتی داد و گەشـەپێدان وسوپا لە یەك سەنگەرن و پارتی گەلی کۆماری و بزوتنەوەی نەتەوەپەرسـتیش لە سەنگەرێکی ترن و ئەو دوو پارتـەش رەخنە لە حکومەت و سـوپا دەگرن و دەڵێن بۆچی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە وا زوو کۆتایی پێ هات و ئاماژەش بەوە دەکەن تورکیا لەبەر هۆشـداری ئەمەریکا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سـەربازییەکەی بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان هێنا و داواشیان لە پەرلەمانی تورکیا کردووە کە بۆ ساغکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و تاوتوێکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی کشانەوەی هێزەکانی تورکیا دانیشـتنێکی بەپەلە ئەنجام بدرێ هەندێ لە میدیاکانی تورکیاش بە پێچەوانەی پارتی داد و گەشەپێدان و سوپا لاگیری ئەم هەڵوێستەی پارتی گەلی کۆماری و بزوتنەوەی نەتەوەپەرست دەکەن و دەڵێن هەتا سـەرۆك کۆمار و سـەرۆك وەزیران لە سەرەتا ئاگاداری ئەو کشانەوەیە نەبوون بە گرۆڤەی ئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆگان لەدواسـاتدا لێدوانێکی خۆی کە بۆ بڵاوکردنەوە دابویە میدیـاکان بە لێدوانێکی دیکەی گۆڕیەوە، هەر ئەو میدیانە پێیان وایە کە تەنیا کەس بە سـەرکەوتوویی لەو ئۆپەراسـیۆنە دەرچوو خودی بارزانی بوو.

رۆژنامەنووسـی ناوداری تورکیا پرۆفیسۆر د. یالچن کوچك دەربارەی ئەنجامی ئۆپەراسـیۆنەکە بۆ سایتی ئۆدا تیڤی تورکی رایگەیاند: لەم ئۆپەراسـیۆنە زەمینەی تورکیـادا تەنیا بارزانی سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

یەشـار بیوك ئانـت-ی فەرمانـدەی سـوپای تورکیاش لە کۆنگرەیەکـی رۆژنامەوانیدا دووبارە هەرێمی کوردسـتانی بەوە تۆمەتبار کرد کە پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا هەیە و دەربارەی ئەو مەسەلەیە گوتی: دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان رۆژنامەنووسانی کۆکردۆتـەوە و بردویانەتە ئەو ناوچانەی کە ئۆپەراسـیۆنەکەی لـێ ئەنجـام دراوە، ئەوانەی دەیانگوت کە ئـەو ناوچانە لە ژێر کۆنترۆڵـی ئێمەدا نین چۆن توانیان ئەو رۆژنامەنووسـانە ببەنە ئەوێ و ئەمنیەتیان بپارێزن؟ هوشـیار زێبـاری وەزیری دەرەوەی عێراق پێش هەموو کەسـێك زانی ئۆپەراسـیۆنەکە کۆتایی پێ دێت، باشـە ئەو زانیارییەی لە کوێ بەدەست گەیشت و کێ پێی راگەیاند؟ ئایا ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان پەکەکە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

فەرماندەی سوپای تورکیا لە دیدارێکی تردا لەگەڵ نوێنەرانی دەزگاکانـی راگەیاندنـی ئەنقـەرەش، وێـرای روونکردنەوەی وردەکارییەکانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان، دەربارەی ئەو هۆکارانە دوا کە بوونە هۆی وەرگرتنی بڕیاری کشانەوە و گوتی: ئەو ئۆپەراسیۆنە لەبەر کاریگەری ئەمەریکا کۆتایی پێ نەهات، ئامانجمان تەنیا ناوچەی زاب بوو، پاش هێنانەدی ئامانجەکە هێزەکانی خۆمان کشـاندەوە. بیوکانت دەربارەی ئەو پرسیارەی ئایا بۆچی تورکیا هیچ هێزێکی لەو ناوچەیە نەهێشتەوە؟ گوتی: ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن نازانن مەرجـی مانەوەی هێز لەو ناوچانەدا چۆن چۆنە، من حەز دەکەم ئەو کەسـانەی ئەو قسـانە دەکەن،(٢٤)کاتژمێر ببنە میوان لەو ناوچانەدا.

هەر لـەو کۆنگرەیەدا یەك لە رۆژنامەنووسـان بە فەرماندەی سـوپای تورکیای راگەیاند کە ئایا ئەو ئۆپەراسـیۆنەی سـوپا ئەنجامیدا لەناو رای گشتی تورکیادا وەك شکست سەیری ناکرێ؟ بەتایبەتی ئەو سـوپایە نەیتوانی بە پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای شەڕ و هاریکاریکردنی ئەمەریکا و ئیسرائیل ئامانجەکانی خۆی بپێکێت؟ لە وەڵامدا فەرماندەی سوپا گوتی: نەخێر شکست نییە و بە دووریشی مەزانە سوپا لە شوێنێکی تری سنوور( حەفتانین یان خواکورك) دەست بە ئۆپەراسیۆنێکی دیکە بکات.

هەروەها ئەو رۆژنامەنووسـە بە فەرماندەی سـوپای گوتی: دەترسـێم دووبارە لەبەر پارە لەو ئیشەش سـوپا پاشەکشە بکات؟ وەك ئـەوەی کە تانیەل یەلماز لە نووسـینێکدا لە(خەبەر جیلەر) نووسـیویەتی و دەڵێ: دوای لێدوانەکەی سـەرۆك بوش کە دەبێ بە زووترین کات تورکیا لە هەرێمی کوردسـتان بکشێتەوە، بانکی جیهانی٦/٢ملیار دۆلاری داوەتە تورکیا ئیتر دوای ئەوە بە ماوەی چەند کاتژمێرێك تورکیا هێزەکانی کێشـایەوە، پرسـیار ئەوەیە کە ئاخۆ تورکیا لەبەر پارە ئەم کارەی کرد یان نا؟

فەرماندەی سـوپای تورکیا ئەمەی رەتکـردەوە و گوتی: ئەو بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە کشـانەوەکە نەبـوو، من هەر وەکو گوتم هۆکارەکە سـەربازیی بوو، ئەمە سـەرەڕایی هۆکاری تر، لێتـان ناشـارمەوە بارزانی زۆر بە جووڵەبوو، مەسـەلەکەی زۆر گەورە کردو نامەیەکی بۆ سـەرۆك بوش نووسی و لە شەشەمین رۆژی ئۆپەراسـیۆنەکەش لە پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیدا بە رایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، بارزانی پێی گوتبوو کە ئەو تۆپبارانەی کە دەکرێت نیگەرانییەکی لەلای خەڵکی ئێمە دروست کردووە و پێشـمەرگەش نیگەرانە و دوور نییە هێزی پێشمەرگە و سوپای تورکیا لەیەك بدەن و رووبەڕووی شەڕ ببنەوە.

ئەمـە ئەمەریکای ترسـاند کە بـە ئێمەیان گوتبـوو نابێ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا رووبدات.

لە وەڵامی پرسیارێکیشـدا کە ئایا سـەردانەکەی دیك چینی جێگری سـەرۆکی ئەمەریکا بۆ ئەنقەرە کە بڕیاربوو لە سەرەتای مانگی ئـادارا ئەنجام بدرێ و دوایی سـەردانەکەی رەتکردەوە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

پەیوەندی بەو پێشهاتانەوە هەبوو؟

فەرماندەی سوپا گوتی: نەخێر؟

بەڵام رۆژنامەنووسەکە ئاماژەی بە وتارێکی رۆژنامەی (حورییەت) کرد کە گوایە زۆری نەمابوو پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا بە تەواوی تێك بچێت، ئەویشی بە هۆی بەرفراوان بوون و درێژکردنەوەی کاتی ئۆپەراسیۆنەکە، لەلایەك دیك چینی سەردانەکەی خۆی بۆ ئەنقەرە رەتکردەوە، لەلایەکی دیکە زۆری نەمابوو رۆبەرت گێتسیش سەردانەکەی خۆی رەتبکاتەوە، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەو دیپلۆماتکارانەی لەگەڵ گێتس سەردانی تورکیایان کردبوو، گێتس بیری لەوە کردبۆوە کە ئایا سەردانەکە بکات و بە بەرپرسانی تورکیا بڵێ ئەم ئۆپەراسیۆنە بە کۆتا بێنن باشترە یاخود رەتکردنەوەی سەردانەکە پەسندە، دواتر گێتس گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سەردانەکە باشترە و پەسەندترە، گوایە پێش هاتنیشی بۆ ئەنقەرە ئەم پەیامەی بە تورکیا راگەیاندبوو کە دەبێ ئەم ئۆپەراسیۆنە لە دوو هەفتە زیاتر نەخایەنێت، ئەگەر نا ئەمەریکا دەستبەرداری تورکیا دەبێت لە یارمەتیدانی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە؟

فەرماندەی سوپا گوتی: من ناڵێم ئەوە راست نییە، بەڵام حەز دەکەم ئەوەتان پێ رابگەیەنم کە سیاسەتی ئەمەریکا ئەوە بوو کە ئەم ئۆپەراسیۆنە زۆر درێژە نەکێشێت و لەو چوارچێوەیە بێت کە سوپای تورکیا و پێشمەرگە لە یەك نەدەن و هاوسەنگی سیاسی هەرێمی کوردستان تێك نەچێت.

هەر سەبارەت بەسەردانەکەی گێتس بۆ ئەنقەرە، رۆژنامەی (حورییەت) لە ژمارەی رۆژی ٣/١ وتارێکی یالچینی دۆغان بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا دەڵێ: گێتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە سەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە داوای دووشتی گرینگی کرد، یەکێکیان ئەوە بوو کە ئەمەریکا لەو باوەڕەدا نەبوو ئەو ئۆپەراسیۆنە زەمینییەی تورکیا بەو ئەندازەیە کاریگەری سلبی لەسەر هەرێمی کوردستان بکات و بەو ئەندازەیە زیان بە ژێرخانی ئەو هەرێمە بگەیەنێت. دیارە ئەم شتە ئەمەریکای ناڕەحەت کرد.

دووەمیش ئەمەریکا داوای لە تورکیا کرد سەربازی زیاتر رەوانەی ئەفغانستان بکات، بەڵام تورکیا پاش چەند رۆژێك بە سلبی وەڵامی ئەمەریکای دابووەوە و ئەو مەسەلەیەش ئێستا بووەتە جێی مشتومڕی هەردوولا و بۆ ئەو مەبەستەش ماتیو بیریزای یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بەسەردانێکی نهێنی لە ئەنقەرە دایە.

زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان وای دەبینن کە ئەو دوو شتە کێشەیەکی لە نێوان پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە دروست کردووە و ئەو کێشەیەش هەر وەکو کێشەکەی ئاداری ٢٠٠٣یە بەهەر حاڵ ئەمەریکا بە درێژایی ماوەی لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ویستی دوو پەیام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بگەیەنێتە هەردوو سەرکردایەتی سیاسی و سەربازیی تورکیا:

نامەی یەکەم/ پێویستە ئەنقەرە زۆر پشت بە بەردەوامی پاڵپشتی ئەمەریکییەکە نەبەستێ سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی، کە ئەمەیش لەلایەن سیاسەتکارانی تورکیاوە بە قسە رەتکرایەوە کاتێ گوتیان: وڵاتەکەیان خشتەیەکی کاتی بۆ ئۆپەراسیۆنەکە دانەناوە کە ئەمەیشی بە هەڤرکییەك لەلایەن واشنتۆنەوە وەرگیرا وای لێکرد گەڤێکی توند ئاراستەی هەردوو سەرکردایەتییەکە بکات، بەڵام ئەمجارە لەسەر زمانی خودی سەرۆك بوش کە داوای کرد بە زووترین کات کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بهێنرێ.

وا دیارە ئەو گەڤەی سەرۆك بوش کاری کردە سەر سەرکردە سەربازیی و سیاسییەکانی تورکیا و چەند کاتژمێرێکی پێ نەچوو تورکیا بەشێوەیەکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانیدا.

نامەی دووەم: پێویستە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هۆکارە راستەقینانە بکرێ کەوا لە هەندێ تورك بکات هاوسۆزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کێشەی کورد لە تورکیا بنوێنن، ئەویش وەك ئەوەی رۆبەرت گێتس لەسەردانەکەیدا بۆ ئەنقەرە پێی راگەیاندن کە پێویستە ستراتیژییەتێکی گشتگیر پیادە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی کۆتایی، وەك پیادەکردنی دەستپێشخەری سیاسی و ئابووری و تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە بە بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستان ئەو کێشەیە بە کۆتا نایەت.

رۆژنامەنووسی تورك ئاڵتنی ئۆیمەن لە نووسینێکدا لە رۆژنامەی (رادیکال) دەنووسێ: ئێستا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان تەواو بوو، گرنگ ئێستا ئەوەیە لەمەو دوا چی روو دەدات؟ من بەخۆم سێ خواستم هەیە:

١- لایەنەکانی پێوەندار بێنە لای یەك و هەوڵی ئەوە بدەن کە ئیدی سنووری نێوان تورکیا و عێراق وەك سنوورێکی مەترسیدار نەبیندرێت و ببێتە سنوورێکی ئاشتی.

٢- کەس بەو شێوەیە سەیری ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا نەکات کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بووە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پێویستە هەنگاوی تر بهاوێژرێ.

٣- پێویستە تورکیا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و کێشەی کورد لە تورکیا لە کێشەی تیرۆر جیا بکرێتەوە.

ئەم قسەیەی ئاڵتنی ئۆیمەن زۆر راستە و دەبێ هەردوو لایەنی کوردی و تورکی سەر لە نوێ چاو لە بژاردەکانی خۆیان بخشێننەوە، ئەویش لە دیدی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان و ئەقلیمییەکاندا، راستە وڵاتان و کۆمەڵگەکان بە دوای سەرچاوەکانی بەردەوامی ژیان دەگەڕێن و دژی سەرچاوەکانی هەڕەشەن، بەڵام پێویستە تورکیای نوێ بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر خۆی لەگەڵ ناوچەکەدا بگونجێنێ و دەستکەوتەکانی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان و ئەزموونەکەی بپارێزێ، دەبێ ئەولەویاتی خۆی لەگەڵ فایلی کوردیدا دەست پێ بکات و لە ناوەوە هەندێ هەنگاوی پێویست بهاوێژێ وەك دانانی مافی تەواو بە کوردی خۆی کە گرنگترینیان مافی رۆشنبیری و سیاسییە.

کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر بەرفراوانە و تەنیا بە رێگەچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت، ئەگەر بە رێگەی سەربازی چارەسەر بکرابایە، ئەوە دەبوایە بەو ئۆپەراسیۆنە کە(٢٥)مین ئۆپەراسیۆن بوو پەکەکە هەر نەمابایە، بەڵام مایەوە، کەواتە چارەسەری سیاسی تەنیا رێگەیە بۆ هێنانەدی ئاشتیەکی یەکجارەیی و بۆ بەکردەوەکردنی هەنگاوەکانیش تورکیا پێویستی بە جەسارەتێکی سیاسی هەیە.

●●●

**گرنگ ئەوەیە لەمەو دوا لایەنەکانی پێوەندار بێنە لای یەک و هەوڵی ئەوە بدەن کە ئیدی سنووری نێوان تورکیا و عێراق وەک سنوورێکی مەترسیدار نەبیندرێت و ببێتە سنوورێکی ئاشتی. هەروەک پێویستە تورکیا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و کێشەی کورد لە تورکیا لە کێشەی تیرۆر جیا بکاتەوە**

●●●

●●●

**کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر بەرفراوانە و تەنیا بە رێگەچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت، دەبوایە بەو ئۆپەراسیۆنە کە(٢٥) مین ئۆپەراسیۆن بوو پەکەکە هەر نەمابایە، بەڵام مایەوە، کەواتە چارەسەری سیاسی تەنیا رێگەیە بۆ هێنانەدی ئاشتیەکی یەکجارەیی**

●●●

# قاعیده‌!



ئاسۆ كه‌ریم

له‌ حه‌فته‌ی رابردوودا، باسم له‌وه‌ كردبوو كه‌ پاش كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی توركیا، ئه‌مریكا چی پێیه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد له‌ توركیا، به‌ كێشه‌ی په‌كه‌كه‌یشه‌وه‌. له‌ وتاره‌كه‌دا گوتبووم: "ئایا ئه‌مریكا جیاوازی ده‌كات له‌ نێوان قاعیده‌و په‌كه‌كه‌"دا؟

• ئه‌مریكا، په‌كه‌كه‌ی له‌ لیستی تیرۆر داناوه‌و چه‌ند جارێكیش له‌سه‌ر ئاستی بالآ "په‌كه‌كه‌ به‌دوژمنی هاوبه‌ش" داده‌نێت. به‌كرده‌وه‌ش تا نوكه‌، هه‌م له‌سه‌رێكه‌وه‌ زانیاری ئیستخباراتی له‌سه‌ر په‌كه‌كه‌ به‌ توركیا داوه‌و هه‌م له‌ ناوه‌راستی مانگی كانوونی یه‌كه‌میشه‌وه‌، رێگه‌ی به‌ فرۆكه‌كانی توركیا داوه‌، ئه‌و جێگایانه‌ له‌ناو هه‌رێمدا بوردومان بكه‌ن كه‌ گومان ده‌كرێت په‌كه‌كه‌یان لێ بێت و له‌ شه‌وی ٢١ له‌سه‌ر ٢٢ی شوباتیش، به‌ئاگاداری و به‌ ره‌زامه‌ندیی ئه‌مریكا، سوپای توركیا سنووری نێوده‌وڵه‌تیی نێوان خۆی و عێراقی به‌زاند و بۆ ماوه‌ی ٧-٨ رۆژ له‌گه‌ڵ په‌كه‌كه‌ به‌ره‌نگاری یه‌ك بوونه‌وه‌. گریمان په‌كه‌كه‌ بۆ ماوه‌یه‌كیش زه‌برێك بخوات، به‌ڵام سوپای توركیاش به‌قسه‌ی خۆیان بێ زیان نه‌بوون، ئه‌و ئۆپه‌راسیۆنه‌یش، وه‌كو ٢٤ ئۆپه‌راسیۆنه‌كه‌ی تر، په‌كه‌كه‌ی له‌ناو نه‌برد! كه‌واته‌ كێشه‌ی په‌كه‌كه‌ به‌ته‌نیا به‌زه‌بری هێزو چه‌ك نابڕێته‌وه‌، به‌ڵكه‌ ره‌گێكی قووڵی له‌ناو "پرسی ناسنامه‌ی كوردی"دا هه‌یه‌ (سه‌یری، جێمستاون فاوندیشن بكه‌ كه‌ باسێكی به‌ناوی Turkey and Northern Iraq: An Overview، Feb. ٢٠٠٨، Gareth Jenkens بڵاوكردۆته‌وه‌).

• كورد له‌ توركیا، به‌لانی كه‌مه‌وه‌، ٪٢٠ی دانیشتوانی توركیا ده‌بێت. لێ ده‌ستووری توركیا، نه‌وه‌كو نه‌ته‌وه‌ نه‌ وه‌كو كه‌مینه‌، دان به‌ناسنامه‌ی كورد نانێت. ته‌نانه‌ت حكومه‌تی توركیا رێگه‌ی به‌كورد نه‌داوه‌ وه‌كو كه‌مینه‌یه‌كیش، به‌پێی مادده‌ (٢٧)ی به‌ڵێننامه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی مافه‌ مه‌ده‌نی و سیاسییه‌كان (١٩٦٦/١٢/١٦)ی (كولتووری خۆیان بپارێزن و به‌ زمانی خۆیان به‌كاربهێنن)، له‌كاتێكدا توركیا وه‌كو ده‌وڵه‌ت ئه‌و رێككه‌وتننامه‌یه‌ی په‌سند كردووه‌. سه‌یر بكه‌ن له‌م رۆژانه‌دا، پۆلیس له‌ ئه‌لاغیز ده‌ستی به‌سه‌ر ئه‌و پۆستەرانه‌دا گرتووه‌ كه‌ به‌زمانی توركی و كوردی به‌بۆنه‌ی ٨ی مارس شاره‌وانی شاره‌كه‌ به‌ده‌ست ده‌ته‌پوه‌یه‌، چاپی كردبوون. كه‌واته‌ هه‌قی یه‌كێتیی ئه‌وروپییه‌، كه‌ داوا له‌ توركیا بكات پێوه‌ره‌كانی كۆپنهاگن جێبه‌جێ بكات، تا به‌ ئه‌ندام له‌و یه‌كێتییه‌ وه‌ربگیرێت. ئه‌م پێداگرتنه‌ی یه‌كێتیی ئه‌وروپییش، كه‌ ناوه‌ ناوه‌ له‌م كۆنفره‌نس و ئه‌و كۆنفره‌نسدا جه‌ختی له‌سه‌ر ده‌كاته‌وه‌، هه‌قه‌ ئه‌مریكاش به‌شی له‌م پێداگرتنه‌دا هه‌بێت، به‌تایبه‌تی كه‌ توركیا خه‌ریكه‌ ده‌ستووری خۆی ده‌نوسێته‌وه‌و هه‌موار ده‌كات.

• به‌پێی چه‌ندین تۆژینه‌وه‌، ناوچه‌ كوردنشینه‌كانی توركیا، له‌ رووی ئابووری و كۆمه‌لآیه‌تییه‌وه‌، له‌چاو به‌شه‌كانی دیكه‌ی توركیا (له‌بن هێڵی دواكه‌وتویی)وه‌یه‌ن. كه‌واته‌ ده‌بێت توركیا له‌رووی ئابووری و خزمه‌تگوزارییه‌وه‌ بایه‌خی زۆرتر بدات به‌ ناوچه‌ كوردنشینه‌كان. ئه‌مریكا، یه‌كێتیی ئه‌وروپی-یش، ئه‌گه‌ر خه‌می توركیایانه‌و وه‌كو هاوپه‌یمان چاوی لێ ده‌كه‌ن، ده‌توانن له‌مباره‌وه‌ كۆمه‌كێكی زۆر به‌ بوژانه‌وه‌ی ئه‌م ناوچانه‌ بكه‌ن. شایانی گوتنه‌، ئه‌و ناوچانه‌ سوودێكی باشیان له‌و پێوه‌ندییه‌ ئابووری و بازرگانییه‌ وه‌رگرتووه‌ كه‌ له‌ دوای ١٩٩١-وه‌ تا ئێستا له‌نێوان توركیاو هه‌رێمی كوردستان دایه‌و دامه‌زراندنی پێوه‌ندیی ره‌سمی له‌نێوان هه‌ردوولادا، خزمه‌ت به‌و ئاراسته‌و بوژانه‌وه‌یه‌ ده‌كات و تا راده‌یه‌كی زۆریش، ته‌ناهی و ئومێد ده‌به‌خشێته‌ ئه‌و ناوچانه‌و له‌دواجاریش توركیا قازانجی لێ ده‌كات.

• له‌ توركیا، كێشه‌ی كوردو كێشه‌ی په‌كه‌كه‌ تێكه‌ڵ به‌یه‌كدی ده‌كرێن.

به‌و مانایه‌ی هه‌ر كه‌س و لایه‌ن باس له‌ بوونی كێشه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌ك به‌ناوی كورد بكات، یه‌كسه‌ر به‌ (جوداخواز) و (په‌كه‌كه‌) و (هاوسۆزی په‌كه‌كه‌) و.. له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێ و ته‌نانه‌ت كێسی قه‌زایی له‌سه‌ر تۆمار ده‌كرێ. له‌ناو توركیادا، بێ له‌ ده‌ته‌په‌ كه‌ له‌ په‌رله‌مانی توركیدا (٢٠) نوێنه‌ری هه‌یه‌و (٥٤) شاره‌وانی له‌ ناوچه‌ كوردنشینه‌كاندا، به‌ شاره‌وانی دیاربه‌كریشه‌وه‌ی به‌ده‌سته‌، چه‌ندین حزب و كه‌سایه‌تیی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تیی به‌دیمه‌نی كورد هه‌ن كه‌ له‌گه‌ڵ شه‌رو شۆر نین و دیانه‌وێ به‌ ئاشتییانه‌ كێشه‌ی كورد چاره‌سه‌ر ببێت وه‌كو: هاشم هاشمی، سه‌رۆكی KADEP شه‌ره‌فه‌دین ئه‌لچی، سه‌رۆكی Hak-Parê سه‌رتاج بوجاك، عه‌بدولمه‌لیك فرات. باشه‌ ناكرێ توركیا ئه‌وانه‌ به‌ موخاته‌ب وه‌رگرێت. ئایا ئه‌مریكا ناكارێت پێوه‌ندیی به‌وانه‌وه‌ بكات و گوێیان لێ رابگرێت؟

• بێ له‌وه‌، هێرش و په‌لاماری به‌رده‌وامی توركیا بۆ سه‌ر په‌كه‌كه‌ له‌ناو سنووری هه‌رێمی كوردستانی عێراقدا، ئه‌گه‌ر ئه‌مریكا وریا نه‌بێت و جڵه‌وی توركیا نه‌گرێت و هه‌وڵ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كان نه‌دات، دوور نییه‌ ئاكامی پێچه‌وانه‌ی لێ بكه‌وێته‌وه‌، ته‌نانه‌ت ببێ خواستی سه‌ركردایه‌تیی سیاسیی كوردستان، ئه‌وژی هاوسۆزی كوردی عێراقه‌ له‌گه‌ڵ "گه‌ریلا"كانی په‌كه‌كه‌دا. به‌مانایه‌كی تر، به‌رده‌وامبوونی هێرش و په‌لامار، توانای په‌كه‌كه‌ بۆ ته‌جنیدكردنی خه‌ڵك له‌ ریزه‌كانی خۆیدا زۆرتر ده‌بێت.

• له‌ناو توركیادا، دیسان له‌م رۆژانه‌دا، قسه‌وباس له‌مه‌ر رێگه‌چاره‌ی ناسه‌ربازی ده‌كرێت: مومته‌از تورکونه له‌ رۆژنامه‌ی زه‌مان توده‌ی، عیسمه‌ت به‌ركان له‌ رۆژنامه‌ی رادیكاڵ و ئه‌حمه‌د تاشگه‌تیره‌ن له‌ رۆژنامه‌ی بوگون قسه‌و باسیان له‌مباره‌وه‌ كردووه‌. به‌كورتی ئه‌و نووسه‌رو رۆژنامه‌نووسانه‌ نایانه‌وێ چاو به‌ په‌یكه‌ری ده‌وڵه‌ت دابرێژرێته‌وه‌و كورد هاوشانی تورك وه‌كو دامه‌زرێنه‌ری كۆمار بناسێندرێ یان قسه‌ له‌سه‌ر پێوه‌ندیی سیاسی نێوان كوردو تورك بكرێ بۆ نمونه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای فیدراسیۆن و شتی له‌مبابه‌ته‌، به‌ڵكه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دان كه‌ بنیادی دیموكراتیی ده‌وڵه‌تی توركیا به‌هێز بكرێت له‌سه‌ر بنه‌مای وه‌كیه‌كی هاوولآتیان وه‌كو خاڵی ده‌سپێك بۆ چاره‌سه‌ركردنی هه‌نگاو به‌هه‌نگاوی كێشه‌ی كورد. ئایا له‌مباره‌وه‌ ئاق پارتی چ پرۆژه‌یه‌كی پێیه‌ دیار نییه‌، ئه‌مریكا چ كۆمه‌كێك له‌مباره‌وه‌ به‌ حكومه‌تی توركیا ده‌كات، دیسان دیار نییه‌و نازاندرێ.

• هاوكات، رۆژی چوارشه‌ممه‌ی رابردوو، ئه‌دمیرال ویلیان جه‌ی. فالۆن-ی فه‌رمانده‌ی فه‌رمانده‌یی ناوه‌ندیی ئه‌مریكی بۆ رۆژهه‌ڵاتی نزیك، له‌به‌رده‌م كۆمیته‌یه‌كی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی ئه‌مریكادا، سه‌باره‌ت به‌ په‌كه‌كه‌و توركیا گوتی ". لێ ئێمه‌ ده‌زانین كه‌ چاره‌سه‌ری درێژخایه‌ن، بریتییه‌ له‌ جۆرێ له‌ به‌یه‌كه‌وه‌ سازان" و پێشتریش فه‌رمانده‌یه‌كی بالآی ئه‌مریكی، لیتوانت جه‌نه‌راڵ رای ئۆدیرنۆ، شتێكی هاوشێوه‌ی گوتبوو، لێ وته‌بێژی كۆشكی سپی دانا پیرنو، گوتی ئێمه‌ وتوێژ له‌گه‌ڵ په‌كه‌كه‌دا ناكه‌ین و چاوه‌روانی ئه‌وه‌ش ناكه‌ین توركیا شتێكی وا بكات. وێده‌چێ جارێ ئه‌مریكا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ بێت كه‌ توركیا- ئه‌مریكا- عێراق له‌سه‌ر ئه‌و كێشه‌یه‌ وتووێژ بكه‌ن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا پێموایه‌، سه‌ره‌تای بیركردنه‌وه‌یه‌كی تازه‌ له‌ ئه‌مریكا ده‌رده‌كه‌وێت بۆ دۆزینه‌وه‌ی جۆره‌ چاره‌سه‌رێك بۆ كێشه‌ی كورد له‌ توركیا كه‌ له‌و رێگه‌یه‌وه‌ پێوه‌ندیی و رایه‌ڵكه‌ی نێوان كوردی عێراق و توركیا ئاسایی ببێته‌وه‌ به‌هێز ببێت. هه‌ر له‌م روانگه‌یه‌شه‌وه‌ سه‌ردانه‌كه‌ی سه‌ركۆمار تاڵه‌بانی بۆ توركیا چاو لێ ده‌كه‌ن. ده‌مێنێته‌وه‌ په‌كه‌كه‌، له‌م بێنه‌و به‌ردانه‌دا چ ده‌كات، چونكه‌ ته‌ره‌فێكی كێشه‌كه‌یه‌و حیساب له‌سه‌ر قسه‌و پلانی ئه‌و ده‌كرێت.

Aso2karim@yahoo.com

تایبه‌ت بۆ گوڵان ده‌ینووسێ

# پرۆسەی سیاسی، خەریکە، ئاسایشی عیراق تێک دەداتەوە



سامی شۆڕش

لە ماوەی مانگی رابردوودا، بارودۆخی ئاسایشی ناوەخۆی عیراق، بە تایبەتی لە ناو شـــاری بەغدا، سەر لە نوێ، بەرەو هەڵوەشـــانەوەو تێکچوونەوە چوو. چەندین ئوتومبێلی مینرێژ کراو لە گەڕەکەکانی تەقینەوەو ســـەر لـــە نوێ بۆمب چاندن و کەمینی چەکدارانەو لاشـــەی قوربانیانی سیڤیلی نەناسراو لە شـــەقامەکانی پەیدا بوونەوە. یەك لە رووداوە تیرۆریســـتیە گەورەکانـــی ئەم دواییەی بەغدا، کوژرانی ٧٠ کەس و بریندار بوونی ١٢٠ کەس بوو لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی تیرۆریســـتی لە گەڕەکی کەررادەی شیعە نشین لە بەغدا.

دیارە، لە ماوەی ســـاڵی رابردوو، یان وردتر لە ماوەی حەوت هەشت مانگی رابردوو، تا رادەیەکی بەرچاو، بارودۆخی ئەمن و ئاسایش هەنگاوی بەرەو سەقامگیری و هێور بوونەوە دەهاویشت. شەقامەکانی بەغدا خەریك بوو تۆزو گەردی ئەو چەند ساڵەی رابردوویان لە خۆیان هەڵدەتەکاندەوەو خەڵك هەناسەیەکی تازەیان دەهاتـــەوە بەر. لەولاوە، هەندێك لـــە کۆچکردووانی عیراق، بە تایبەتی ئەوانەی روویان لە ســـوریاو ئوردون کرد بوو، خەریکی گەڕانەوەی ســـەر ماڵ و حاڵی خۆیان بوون. لەوانەش بەولاتر، ئەمریکا بە جیددی کەوتبووە داڕشتنی هەندێك پلانی پەیوەست بە کێشـــانەوەی بەشـــێك لە هێزەکانی خۆی. بەڵام لە ماوەی یەك دوو مانگی رابردوو، ئەم راســـت بوونەوەیەی باری ئەمن و ئاســـایش، لە پڕ، تووشی نوشســـتی هات. لە پڕ دیاردەی تەقینەوەو بۆمب و رفاندن و لاشـــەی نەناسراو لە بەغدا پەیدا بووەوە. راســـتە، حکومەتە فیدرالیەکەی نوری ئەلمالیکی، لە باری خۆیەوە، پاســـاو بۆ تازەبوونەوەی تیـــرۆر لە عیراق بەوە دەهێنێتەوە کە گوایە ئەگەرچی ســـەرکەوتنی گەورە لە ماوەی ســـاڵی رابردوو، لە مەیدانی ســـەقامگیری، وەدەست هاتووە، بەڵام هێشـــتا هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی حکومەت بە دوای چەند گرووپێکی بچووکی تیرۆریســـتانەوەن. هێشـــتا رێکخراوە تیرۆریســـتەکان، ئەوانەی لـــە دەرەوەوە دزەی ناو عیراق دەکەن، جۆرە تاقەتێکیان تیا ماوەو جار جارە دەتوانن دەستی پڕ ئەزیەت بهاوێژن. لە لایەکی دیکە، حکومەت پاســـاو بەوە دەهێنێتەوە، گوایە ئەو رێژەیەی لە مەیدانی تیرۆریســـتی دا تا ئێســـتاش هەر ماوە، رێژەیەکی ئاســـاییەو رەنگـــە روو بە روو بوونەوەو لە ناو بردنی، لەمـــەو دوا، پەیوەندیی بە چەك و هێزی ئەمنیەوە نەبێت، بەڵکو زۆرتر پەیوەندیی بە چاکسازی ئابووری و بژێویی خەڵکەوە هەبێت.

ئەوەی راســـتی بێت، ئەم جـــۆرە لێکدانەوانە، هەمووی هەر پاســـاو هێنانەوەی رووتن. تابلۆی راستەقینە ئەوەیە کە ئەمن و ئاســـایش لە عیراقدا خەریکە روو لە داتەپین دەکاتەوە. ئەگەر حکومەتی ئەلمالیکی جورئەت بداتە بەرەخۆی، ئەوا دەبێ دان بە راســـتیی ئەوە بنێت کە ئەمن و ئاســـایش لە بەغدا سەر لە نوێ بەرەو داتەپین دەڕوات. بۆیە، پێویستە ئەم حکومەتە هەوڵ بدات، بێ دەســـت لەرزین و ڕاڕایی، دەســـت بخاتە سەر هۆیە ســـەرەکیەکەی ئەو بەرەو داتەپین رۆیشتنە. بۆ کارەکە وای لێ هات؟ کێ بەرپرسە؟ چۆن چارەسەر دەکرێت؟

ئەوەی راستی بێت، تێکچوونەوەی بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە عیراقی ئەمڕۆدا هەر وا لە خۆڕایی نەهاتووە. بەڵکو چەند هۆیەکی گرنگ لە پشـــت ئەو حاڵەتەدا هـــەن. لێرەدا، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە پێشـــتریش گوتراوەو دووبارە کراوەتەوە کە ئەگەر بارو دۆخی سیاســـی بەرەو باش بوون و گەشە کردن نەڕوات، ئەوا بێ سێ و دوو، ئەمن و ئاسایش سەر لە نوێ تێك دەچێتەوە. جا بۆ ئەوەی لە هۆیە راستەقینەکانی تێکچوونەوەی باری ئەمن و ئاســـایش تێبگەین، دەبێـــت ئەم چەند خاڵبەندیە بکەین:

یەکەم، یەك لە یاســـا ناوەخۆییەکانی پرۆسەی سیاسی، لە هەر وڵاتێکدا، هەمیشـــە ئەوەیە کە زەمانەتی گەورەو گرنگی بەردەوام بوونی باری ئەمن و ئاســـایش لە بەرامبەر بزووتنەوەو چالاکیەکانی تیرۆردا، سیاســـەت و گەشـــەپێدانی پرۆسەی سیاســـیە. واتە، ئەگەر ئاوڕ لە کەموکورتیەکانی پرۆســـەی سیاسی نەدرێتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنیان پشت گوێ بخرێت، ئەوا ئەو وڵاتـــەی گیرۆدەی دەردی تیرۆر بـــووە زەحمەتە لە دەردەکە رزگاری ببێت.

لەم بوارەدا، حکومەتی مالیکی چەند هەڵەیەکی کوشـــندەی دەرهەق بە پرۆســـەی سیاســـی لە عیراقدا کردو تا ئێســـتاش بەردەوامـــە لە کردنیـــان. گەورەترین هەڵە ئـــەوە بوو کە پەکی پرۆسەی ئاشـــتەوایی نیشـــتمانی و پێکهاتنەوەی نیشتمانی خســـت. وای لێـــك دایەوە گوایـــە، پێکهاتنەوەی نیشـــتمانی لە عیـــراق دا هەر تەنیـــا پێکهێنانەوەی هێـــزە چەکدارەکانی ســـوننەی عەرەب و گرووپە تیرۆریستیەکانە لەگەڵ حکومەت. وای لێك دایەوە گوایە ئەم پرۆســـە بەرفـــراوان و ئاڵۆزە تەنیا درز خســـتنە ناو هاوپەیمانێتی پێکهاتەی ســـوننەی عەرەب و رێکخراوی ئەلقاعیدەیە. هەرچیەکی دیکە لەوە بترازێت، بە لای ئەلمالیکیەوە، نە پێکهاتنەوەی نیشتمانیەو نە قازانج بە پرۆسەی سیاســـی دەگەیەنێت. بۆیە، کاتێك ئەمریکیەکان توانیان چەند عەشیرەتێکی عەرەبی سوننە لە رومادی و تکریت و دەوروبەری بەغدا قەناعەت پێ بکەن بە دژایەتی کردنی ئەلقاعیدەو شـــەڕ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# رۆشنبیری ( ئیستراد ) و پشت بەستن بە پاشکەوتەی بیانی



- بەرهەمی خۆماڵیمان بۆدروستکردنی دۆڵمەیەک نییە
- کوردســتان بە کشــتوکاڵ ناسراو بوو، کەچی تەماتەو بیازو توور لە دەرەوە دەهێنین
- ئایـا کۆمەڵگایەکـی بەکارهێـن ئومێـدی پێشخستنی لێدەکرێت؟
- لە ١٩٧٤ ٥هەزار تەن چەوەندەر بەرهەمهاتووە ئەمرۆ سفر
- لە ٥،٢ ملیۆن هیکتار زەوی کشــتوکاڵی یەک بەرهەمی خۆماڵی نییە بۆ پڕکرنەوەی خواستەکان

## نەبوونی بەرنامەو پرۆگرامی کشتوکاڵی کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەمی لێکەوتەوە

١٧ ساڵ بەس نەبوو بۆ ئاوەدانکرنەوەی گوندەکان، ٦ ساڵ زۆر نەبوو بۆ دەربازبوون لە گەمارۆی ئابووری و بێ بەرهەمی ؟، کێن ئەوانەی سیاسەت و پرۆگرامی پێشخستنی کشتوکاڵی دادەڕێژن ؟ ئایا ئەو پرسیارەیان لە خۆیان کردووە، چی وایکرد لە کوردستان کەرتی کشــتوکاڵی ئیفلیج بکات؟ دوای ئەوەی ڕێژەی کەرتی کشــتوکاڵی لە ئابووری نیشــتمانی ٦٠ ٪ دانرابوو، لە کاتێکدا لە کوردستانی باشــور ٦ملیۆن دۆنم زەوی بەکەڵکی کشتوکاڵ دێت، کوردستان لە هەرێمێکی بەرهەمهێنەوە بۆ هێنراوی گەنم و ئارد بەلکێش کرا، تەنانەت لە ســەرەتای هەشتاکان ٧٠-٧٥٪ی سەرجەم بەرهەمی نیشتمانی عێراق لە چوار پارێزگای کوردستان بوو، ئەمــڕۆ ٠،٠٠٣ ٪ی زەوییەکانی کوردســتان بۆ چاندنی گەنم ســودی لێوەرگیراوە، دکتۆر کەمــال خەیات لە پەرتووکی ئابووری کشــتوکاڵدا دەڵێت : ( لە هەشــتاکان ٦٠٠ گوندو ٦٠

هەزار كەس لە كێڵگەكانی توتن كاریان كردووە، دوای ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان لەبەر نەبوونی كارگەكانی توتن ئەم ژمارەیە بۆ چەند كەسێك دابەزی و بەرهەمی توتن بەتەواوەتی كەم بۆوە، نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی لە كشتوكاڵ و ئاژەڵ لە كاتێك دایە ٩٥ ٪ ی زەوییەكانی كوردستان دێمین و ٦ملیۆن هێكتار لەوەڕگا هەیە، رەنگە هەموو هۆكارەكانی نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی بۆ وێرانبوونی گوندەكان بگێڕینەوە، بەڵام نابێت خۆمان لەو راستییە بدزینەوە كە لە نێوان ١٩٩١-٢٠٠٠ تەنیا لە پارێزگای هەولێر ٩٥٦ دێ نۆژەنكرایەوە، لە سلێمانی ٤٠٠ كێڵگەی بەخێوكردنی مریشك هەیە، كوا بەرهەمیان بۆچی بازاڕەكانی كوردستان نغرۆی بەرهەمی خراپی وڵاتانی دەوروبەر بووە، ئابووری بازاڕ هانی بەپەراوێزكردنی كەرتی كشتوكاڵ نادات ئەوەتا لە ئەمەریكای پێشڕەوی سەرمایەداری ٢٠٪ی هێزی كار لە كشتوكاڵدایە و لە ئەوروپا ١٢ ٪ ئەمە لەكاتێكدا باشترین تەكنەلۆژیاو ئامێر بۆ كشتوكاڵ بەكاردەهێنرێت، هەندێك زانیاری ئەم رێژەیە لە كوردستان بۆ ١ ٪ دادەنێت، نەبوونی كارگەو كارخانەكان كێشەی سەرەكی بەردەم بێ بازاڕی بەرووبومی جوتیارەكان بووە، لە كاتێك دا لە ٢٠٠١-٢٠٠٢ لەسەر بودجەی ٩٨٦ ٧ كارگەی شیرەمەنی و بسكویت و مەعكەرۆنی و سركەو كۆكردنەوەی شیرو شوشتنەوەی خوری هەبوو، ئەمە جگە لە كارگەكانی رۆنی گڵۆبەرۆژەو زەیت و حەریر بۆ ئاوی تەماتە .. دەكرێت ئەو پرسیارە بكەین كارگەكانی پیشەسازی خۆراكی چی بەسەر هات ؟ئایا بێ بەرهەمی كشتوكاڵی كەرتەكانی پیشەسازی و بازرگانی پێش دەكەوێت ؟ حكومەت كەموكورتی هەیە بەڵام تۆ بڵێی ئەو گەلانەی ئەمڕۆ لە پێشەنگی وڵاتانی دەوڵەمەندو بەرهەمهێنانەوە دێن تەنیا چاوەڕوانی حكومەتەكانیان بوون، یاخود تاكەكان لە چوارچێوەی رەخنەو پاساوو گلەییەكان خۆیان دەربازكردوو خۆیان بوونە كەسایەتی بەتواناو بەرهەمهێن، دەربازبوون لەم واقیعە هۆشیاری تاكەكان و بەرپرسیارێتی وەزارەتی كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی یە بە دەرجەی یەكەم، لەم راپۆرتەدا باس لە هۆكارەكان ناكەین كەزۆر وتراوە بەڵكو دەمانەوێت خوێندنەوەیەكی وا بۆ كێشەكە بكەین هەركەسێك خۆی بە بەرپرسیار بزانێت ..

دكتۆر سەلوان فرەنسیس ئەندامی دامەزرێنەری یەكێتی كەنەدی بۆ ( بیزنسمانەكانی نێوان دوبەی و كەنەدا )پێی وایە كوردستان خاوەنی كەرەستەو سامانێكی سروشتی و كانزایی دەوڵەمەندە، خاك و ئاوو هەوایەكی باشی هەیە كە بۆ ژینگەی كشتوكاڵی و پەرەپێدانی ئەم كەرتە گرنگە، ئەم سامانە هاوكاتە لەگەڵ بوونی هێزی مرۆیی و دڵسۆز بۆ بەكارهێنانی لە كەرتی كشتوكاڵیدا، لەمەش گرنگتر بوونی خواست و پێداویستییە كەبۆ بازاڕو ساخكردنەوەی بەرهەمەكشتوكاڵییەكان و بەردەوامبوون و گەشەكردنی پێویستە، من بەدڵنیاییەوە پێم وایە خەلەل لە چۆنیەتی بەرنامەدانان و پلاندانان هەیە كە راوێژكارو شارەزاكانی ئابووری یا ئەوەتا كار ناكەن یاخود دەسەڵاتی باڵا پێشنیارەكانیان جێبەجێ ناكەن . شێڵ فۆرس- نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان لە پرۆگرامی یەك بلیۆن درەخت ئەو بۆچوونەی هەیە كە مرۆڤەكان چاوەڕوانی گۆڕان نەكات خۆی بنەمای سەرەكی گۆڕانە ئەوەتا بارودۆخەكەی خراپ بوونی كەرتی كشتوكاڵ لە ئاكامی ئەوەوە دروست بووە، كە خەڵكی فێربوون لە شارەكاندا نیشتەجێبوون و دووچاری گرانی و هەڵاوسانی نرخەكان بوون، تەنانەت بە موچەیەكی كەم دامەزراون، لە كاتێك دا كەمێك خۆیان ماندو بكەن و سەرقاڵی پیشەی كشتوكاڵی بن زۆر سودمەند تر دەبن.

### سودە سەرەكییەكانی كەرتی كشتوكاڵ

- پشت بەستن بە بەرهەمی خۆماڵ بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراكی
- بەدەستهێنانی فرسەت و هەلی كار
- ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان
- راگرتنی كۆچی ناوخۆ لەگوندەوە بۆ شارەكان
- پاراستنی بەهای دیناری عێراقی فیدراڵی
- پێشخستنی پیشەسازی خۆراكی
- راگرتنی هاوسەنگی كەرتی بازرگانی
- بنیادنانی كۆمەڵگایەكی بەرهەمهێن
- بەدەستهێنانی داهات لە رێگای سەپاندنی تاریفەی گومركی لەسەر بەرهەمی بیانی.

بەهۆی دووركەوتنەوە لە كەرتی كشتوكاڵ رێژەی بێكاری لە سەرجەم عێراقدا زیادیكردووە، بە رادەیەك سەرجەم ئامارە جۆراوجۆرەكان مەترسی ئەم رێژەیە دیاری دەكەن، لەوانە ئاماری رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی سەربە نەتەوە یەكگرتووەكان كە رێژەی بێكاری بە ١٠,٥ ٪ داناوە، ئەمە لە كاتێكدا وەزارەتی پلاندانان رێژەكەی بۆ ٣٧٪ بەرزكردبۆوە، زۆر لە ئامارەكانی ناو رێكخراوی كۆمەڵگای مەدەنی سەر بە هێزی فرەرەگەزەكان رێژەكەی بە ٤٥ ٪ مەزندە كردبوو .

بەشێوەیەكی گشتی سەرجەم رێژەكانی بێكاری لە عێراقی نوێ مەترسیدارە، ئابووریناسەكان پێیان وایە تەنیا كەرتی كشتوكاڵ لە توانای دایە ئەم رێژە زۆرانەی بێكاری راستەقینە كەمكاتەوە ..

**دكتۆر سەلوان فرەنسیسئەندامی دامەزرێنەری یەكێتی كەنەدی بۆ ( بیزنسمانەكانی نێوان دوبەی و كەنەدا ) و خاوەنی گروپە كۆمپانیایەكی خزمەتگوزاری لە ئیمارات(( بۆگولان )):-**

# هەموو ئابوورییەک لە جیهاندا کە بنیاد دەنرێت لەسەر کشتوکاڵ و پیشەسازی دادەمەزرێت



هەرێمی كوردســـتان بنەماو سەرەتایەكی باشـــە بۆ دامەزراندنی عێراقێكـــی فیدرالی یەككگرتـــوو، ئەمەش هەنگاوێكی باشـــە بۆ پاراســـتنی یەكپارچەیـــی عێراق و پێكەوەژیانێك لە ســـەر بنەمای پتەوكردنـــی پەیوەندی دۆســـتایەتی و ئابووری، راســـتە زۆربەی وڵاتانـــی ناوچەكە بەتایبەتی وڵاتانی دراوســـێی عێراق شـــێوازی مەركەزییەت پەیڕەودەكـــەن لە پەڕێوەبردنی ئابووری و حكومڕانیدا، بـــەڵام هەرناوچەیـــەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، مـــن پێم وایە لەم قۆناغەدا فیدرالییەت بۆ هەرێمی كوردســـتان باشەو پێویست ناكات ئەم تەجروبەیە بۆ هەرێمەكانی تریش بگوازرێتەوە، چونكە ئەزموونی ئەوان زۆر كۆن نییە لە نیمچە سەربەخۆیی و مەترسی شكستی لێ دەكرێت و رەنگە دۆخەكە ئاڵۆزتر بكات، هەرێمی كوردستانی فیدرالی لە بواری بینایەو شـــەقام و زۆر شوێنی تری ژێرخان وەرچەرخانێكی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لە كەرتەكانی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی و پیشەسازی لە سەرەتای ڕێگادایە، ئێمە وەكو بیزنسمان و سەرمایەدار كە خاوەنی چەنـــد كۆمپانیایەكین ئومێدەواریـــن بتوانین لە بواری پێشخستنی كارگەو پیشەسازی فرسەتی باشمان دەست بكەوێت .

ئەمـــەش هەمووی بەســـتراوەتەوە بە ئەو ئارامی و ئاسایشـــەی كـــە هەرێمەكە بە خۆیەوە دەیبینێ، بێگومان فاكتەری هۆشـــیاری سیاســـی لە بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان زۆر گرنگە، بەو پێیەی كاردانەوەی سیاسی لەسەر ئاراســـتەكردنی ئابووری بایەخی خۆی هەیە بۆیە ناكرێت سیاسەتمەدار وەعی نەبێت و بەرژەوەندی ئابووری كوردســـتانی لە بەرچاو نەبێت، گرنگ ئەوەیە سیاســـەتمەداران لە كوردستان بە جیاوازی ئایدیۆلۆژییەت و پارتەكان خزمەتی هەرێمەكە بن و ئاراستەی بكەن بەرەو كۆمەڵگایەكی بەرهەمهێن هەنگاو بنێت و كێشـــەوگرفتە ئابوورییەكانی چارەسەربكەن . فرەنسیس سەبارەت بـــە بەرنامەو پلانە ئابوورییەكان پێی وابـــوو )):گەربێتو بەوردی و زانســـتی هەنگاوەكانی پلاندانان و بەرنامـــە ئابوورییەكان پەیڕەوكرا ئەوكات دەبێتە هەرێمێكی نموونەیی پێشـــكەوتوو، كوردستان بە پێی ئـــەو زانیارییە كۆنانەی كە لە ناوەندە كانی زانكۆو حكومەت هەیە، كە كوردســـتان خاوەنی كەرەستەو ســـامانێكی سروشتی و كانزایی دەوڵەمەنـــدە، خاك و ئاوو هەوایەكی باشـــی هەیە كە بۆ ژینگەی كشـــتوكاڵی و پەرەپێدانی ئەم كەرتە گرنگە، ئەم ســـامانە هاوكاتە لەگـــەڵ بوونی هێزی مرۆیی و دڵســـۆز بۆ بەكارهێنانی لە كەرتی كشـــتوكاڵیدا، لەمەش گرنگتر بوونی خواســـت و پێداویستییە كەبۆ بازاڕو ســـاخكردنەوەی بەرهەمەكشـــتوكاڵییەكان و بەردەوامبوون و گەشەكردنی پێویستە، من بەدڵنیاییەوە پێم وایە خەلەل لە چۆنیەتی

بەرنامەدانان و پلاندانان هەیە کە راوێژکارو شارەزاکانی ئابووری یا ئەوەتا کار ناکەن یاخود دەسەڵاتی باڵا پێشنیارەکانیان جێبەجێ ناکەن .


سەبارەت بەوەی بۆچی زۆربەی سەرمایەدارو بزنسمانەکانی بیانی کاتێك روودەکەنە هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ کاری بازرگانی و ساخکرنەوەی کاڵاو بەرهەمی وڵاتەکانیان هەوڵدەدەن ؟، ئەوان تەنیا بەدوای قازانجی خێراو کورتخایەن دەگەڕێن، لە کاتێکدا دەکرێت لە ڕێگای بەگەرخستنی سەرمایەکانیان و راکێشانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانیان رووبکەنە کەرتی بەرهەمهێنان و ببنە خاوەنی پرۆژەو کاری ستراتیژی کە بۆ ماوەیەکی زۆر زامنی قازانج دەکات، لەمبارەیەوە دکتۆر سەلوان فرەنسیس پێی وابوو :(( هەموو ئابوورییەك لە جیهاندا کە بنیاد دەنرێت لەسەر کشتوکاڵ و پیشەسازی دادەمەزرێت، نەك بازرگانی و ئامادەکردنی بازاڕەکان بۆ ساخکرنەوەی کاڵاو بەرهەمە خراپ و تەقلیدەکانی دەوروبەر، بازرگانی چالاکییەکی خزمەتگوزاری تەواوکاری کشتوکاڵ و پیشەسازییە، ئێستاکە بوارێکی نوێ دروستبووە کە تەکنەلۆژیایە، بۆ نموونە ئابوورییەکانی ئەوروپی و جیهانی گەورە لە ریزبەندی پێشەوە دەگەڕێت بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ و پشەسازییە، تەکنەلۆژیاش بۆ پێشخستنی ئەم دوو بوارە بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەردوو حکومەتی فیدرالی و کوردستانی پێویستە پشت بە کشتوکاڵ ببەستن و زۆرترین هەلی کارو خزمەتگوزاری لەم دوو بوارەدا بەدەست بهێنن، بەمەش لە زیانەکانی هێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دەوروبەر دەربازمان دەبێت، کە مەترسیدارترینیان هەڵئاوسانی نەختینەیی و گرانی نرخەکانە، کە وایکردووە نەتوانرێ بەهای راستەقینەی دیناری عێراقی بگەڕێتەوە دۆخی هەفتاکان و هەشتاکان، ەبە شێوەیەکی گشتی ئابووری کوردستانی و عێراقی بەرهەمهێن نییە بەڵکو بەکارهێنەرە، داهاتەکانی عێراق تەنیا لە کەرتی نەوتەوە دەست دەکەوێت، ئەمەش نیشانەی ئابووری وڵاتی دواکەوتووە، جاران عێراق وڵاتی بەرهەمهێنی گەنم و چۆو خورما بوو، بەرێژەیەکی زۆری دەناردە دەرەوە و سودی ئابوورییانەی بۆ زەمەنی زێڕینی عێراق هەبوو کە شەست و حەفتاکان بوو، بۆیە پلانی گشتی بۆ پەرەپێدانی ئابووری پێویستە لە سەر ئەو بنەمایە پێشخرێت سەرەتا کێشەکان دەستنیشان بکرێت، گرنگترین هۆکارەکان دیاریبکرێن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وەبەرهێنان نەکرێت، کاتێکیش باس لە وەبەرهێنان دەکرێت مەبەست ئەوە نییە حکومەت وەبەرهێنان بکات یاخود لە لایەن حکومەتەوە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت بەڕێوەبچێت، بەڵکو تەنیا هاندانی کەرتی تایبەت بکات، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە یاساو رێنماییە ئابوورییە پەیوەندارەکان روون و شەفاف بێت، یاسا پێویستە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە ناکرێت لە یاساکەدا بەڵێن بە دابینکردنی خزمەتگوزاری بدرێت کەچی لە واقیعدا کارەباو ئاوو خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لە ئاستێکی نزمدا بن، کێشەکە لێرەدایە کوردستان یاسای وەبەرهێنانی هەیە کەچی رۆتین و بیرۆکراتییەت ئاستەنگی بەردەم گەشەکردن و زیادبوونی وەبەرهێنانە، بۆ ئەوەی هەر چالاکییەکی ئابووری لە کشتوکاڵ ئەنجام بدەی پێویستیت بە خزمەتگوزاری مەسرەفی هەیە، لە هەرێمی کوردستان کەرتی بانکی تەنیا بە سەرمایە لاواز نییە بەڵکو بە پێشکەشکردنی خزمەتگواریش لاوازە، بۆ نموونە لەگەڵ بەرێوەبەرێکی بانکی لە کوردستان دادەنیشیت کەچی پەیوەندی لەگەڵ بانکە جیهانییەکان نییە، بۆ نموونە کۆمپانیایەك لە کوردستان دەیەوێت بانك گرەنتی بە بەهای ١٠ ملیۆن بکاتەوە، گرەنتییەکی بەرزی لێ داوە دەکەن کە لە ئاکامدا کۆمپانیاکە دەخنکێنێت، لە لایەکی ترەوە پێویستە بانکەکان سلفەو قەرزیان هەبێت، بە سودێکی کەم، ئەوکاتە سەرمایەدار هەست دەکات ئابووری لە پێشخستن دایە، کێشەی کەرتی کشتوکاڵ گەیشتۆتە واقیعێك پێویستی بە دەستێوەردانی وەزارەتە پەیوەندارەکان و لایەنی پەرپرس هەیە،ە ناکرێت لە هەرێمێك دا تەنانەت تەماتەش لە دەرەوەی وڵات بهێنین و شانازی بە دەسکەوتەکانمانەوە بکەین، سەوزەو میوەجات و خواردەمەنی بەرووبومی خۆماڵین و بەرهەمهێنانی ئەوەندە قورز نییە کێشەیەك بێت و لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت و جوتیارو هاوڵاتی بێت ..لە بنەمادا وابزانم کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە پێویستە لێرەوە رەوانەی وڵاتانی بیانی بکرێت، چونکە عێراق بە گشتی و کوردستانیش خاوەنی ژینگەیەکی باشی بەرهەمهێنانە، رووبارو خاك و دەستی کارو خواست و بازاڕ هەمووی بنەمای بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و گەشەکردنی کشتوکاڵە، لە کوردستان ئارامی هەیەو ئەمنییەت پارێزراوە لە عێراق بارودۆخەکە ماویتیانی باس لە راکێشانی وە بەرهێنانی بیانی و پرۆژەی گەورە بکرێت، بەڵام لە کوردستان ژێرخان و ئەمنییەت پاڵنەری گەشەکردنە تەنیا پێویستی بە هۆشیاری هەیە، لە کوردستان بە جەنك و ماڵوێرانی گەورەتێپەڕی و گەمارۆی توندی لە سەر بوو، من پێم وانییە لە کوردستان هۆشیاری کێشە بێت بەڵکو نەبوونی پلان و بەرنامە بۆ هۆشیاری کێشەیە، خولەکانی مەشق و راهێنان کەمە پێویستە حکومەت پاڵپشتی کۆمپانیاو نووسینگەکانی ناوەندەکانی خول و مەشق بکات، لێرەدا راگەیاندنی کوردی پێویستە روو لە هۆشیارکرنەوەو دەوڵەمەندبوونی سەرمایەی مەعریفی بکات.

لەسەرجەم وڵاتان دا پەرەپێدان کراوەو بەردەوامە لە کەنەدا بودجەو پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدانی ئابووری و پێشخستنی تواناکان خەرج دەکرێت بە جیاوازی تەمەن و توێژەکان و پلەو بڕوانامە زانستییەکان.

دکتۆر سەلوان لەکۆتایی گفتوکۆکەماندا پێی وابوو-: جێگای داخە عێراق لە وڵاتانی پێشەوەی گەندەڵکارو ناشەفافییەت بێت، لە جیهاندا ناوبانگی باش نییە و گەندەڵی وەکو نەخۆشی ژێرپەنچە تێدا بڵاو بۆتەوە، ئێستاکە لە سەرجەم بوارەکان تەشەنەی کردووە، هیچ وڵاتێك نییە بەتەواوی توانیبی گەندەڵی بنبڕبکات بەڵام دەکرێت رێژەکەی کەم بکاتەوە و ئاسەوارەکانی بەوشێوەیەی ئێستا کاریگەر نەبێت، جوتیار روویان لە شارەکان کردووە ن ئەرکی حکومەتە ئەم نەزیفە راگرێت لە ڕێگای دۆزینەوەی بازاڕو گەیاندنی خزمەتگواری بۆ گوند نشینەکان، لە لایەکی ترەوە وابزانم لە کوردستان خراپ لە ئابووری بازاڕ تێگەیشتوون ئەوان وادەزانن ئابووری ئازادە و سەربەخۆیی رەها هەیە ئەمە راستکردنەوەی دەوێت، لە ئەوروپا و ئەمەریکاش پاڵپشتی کشتوکاڵی هەیە بۆنموونە لە هۆڵەندا بەرووبومێك بە ٥ دۆلارە حکومەت بە ٨دۆلاری دەکرێتەوە بە مەرجێك رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت، حکومەت پاڵپشتی نارنەدەرەوە دەکات و بە پێچەوانەوە پاڵپشتی هێنراوەکان ناکات و باجی گومرکی لە سەر دادەنێت، بودجەی حکومەت بۆ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان و پێشخستنی خزمەتگوزاری بڕوات، نەك بۆ دامەزراندن و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەم، هاندانی پڕۆژەو کارگەو کۆمپانیای بچوك زۆر گرنگە دەوڵەت و ئابووری لە ڕێگای پرۆژەی بچوکەوە پێش دەخرێت نەك بە پێچەوانەوە ٨٠ ٪ ی خەڵکی لە جیهاندا لە کۆمپانیا بچوکەکان کاردەکەن کە لە ١کەسەوە دەست پێ دەکات بۆ ٢٠٠ کەس، ئەمە بە چەند ساڵێك تەواو دەبێت گرنگ ئەوە یە هەنگاوەکان راست و زانستی پتەو بێت.

شێڵ فۆرس
نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆگرامی یەک بلیۆن درەخت و ئەندامی ئەنجومەنی پەنابەرەگەڕاوەکانی وەزارەتی دەرەوەی سوید بۆ( گوڵان):

# ناکرێت بۆ هەموو شتێک لە چاوەڕوانی حکومەت بین، یاخود بەدوای پاساوو هۆکاری لاوازی وا بگەڕێین کە تەنیا دڵنەوایی خۆمانی پێ دەدەینەوە



**خەڵکی فێربوون لە شارەکاندا نیشتەجێبوون و دووچاری گرانی و هەڵاوسانی نرخەکان بوون، تەنانەت بە موچەیەکی کەم دامەزراون، لە کاتێک دا کەمێک خۆیان ماندو بکەن و سەرقاڵی پیشەی کشتوکاڵی بن زۆر سودمەند تر دەبن**

**ئەزموون و وانەکانی گەلانی پێشکەوتوو پێمان دەڵێن ناکرێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بنیات بنێین تاوەکو بەرهەمهێنانمان نەبێت**

لــە کوردســتان بەرهەمهێنــان و وەبەرهێنــان زۆر لاوازو کەمە تەنانەت لەبواری کشــتوکاڵیش لە هەرێمی کوردســتان نەتوانراوە بایەخ بــە بەرهەمی خۆماڵی بدرێــت، لەمبارەیەوە مــن تێڕوانینی جیــاوازم هەیە بۆ هۆکارو چارەســەر، من پێم وایە نەبوونی وەبەرهێنان بــۆ نەبوونی وەبەرهێن دەگەڕێتەوە لە بواری مەعریفەو رۆشــنبیری، تەنیا لە م روانگەیەوە دەتوانین گۆڕانکاری بکەن، ئەم رێگایە بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتەیی و نەبوونی بەرهەمهێنان گرنگە، نزمی ئاستی بەرهەمهێنان بە رادەیەکە کۆمەڵگای کوردستانی بۆتە کۆمەڵگایەکی بەکاربەرو بەکارهێنەر . ئەزموون و وانەکانی گەلانی پێشــکەوتوو پێمان دەڵێــن ناکرێت کۆمەڵگایەکی پێشــکەوتوو بنیات بنێین تاوەکو بەرهەمهێنانمان نەبێت و تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە دەوڵەمەند نەبن بە مەعریفەو پەروەردە، ئەو کەسەی کاری وەبەرهێنان دەکات دوور بینــە بۆ داهاتوو، دەکرێت لــە پرۆژەی بچوك کار بکەین ئەمەش بە ماندوو بوونێکی کەم و پاشــەکەوتێکی کەم دەکرێت ببینــە خاوەنی پارەیەکی وا کە پرۆژەکەمان دەســت پێبکەین، ناکرێت بۆ هەموو شــتێك لە چاوەڕوانی حکومەت بین، یاخود بەدوای پاساوو هۆکاری لاوازی وا بگەڕێین کە تەنیا دڵنەوایی خۆمانی بێ دەدەینــەوە، چاوەڕوانی غەیب و پاڵنەری دەرەکی دووچاری وەهمان دەکات و لە کێشەو گرفتەکان دەربازتان نابێت، دابینکردنی ژیانی باش بە عەقڵ و بازوو ماندووبونی مرۆڤەکان دەست بێ دەکات، لە وڵاتی سوید کار دەکەین و باج دەدەین، بەو باجە حکومەت خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتی ئامادە دەکات، گرفتەکە لێرەدایە لە بری ئەوەی کەســەکان هەوڵی گۆڕینی واقیعی ژیانیان بدەن و لە رووی مەعریفەو ئاستی خوێندەواری و تەنانەت فەرهەنگی کارەوە دەوڵەمەند بن، چاوەڕێی حکومەت و ئەگەری چاکســازی و پارت و گۆڕانکاریــن، لە کاتێکدا گۆڕانکاری ناو خودی تاکەکان زۆر گرنگترە لە گۆڕانکاریی پارت و لایەنە سیاسییەکان ..

ســـویدییەکان رۆژانێك بوو داهاتیان لاواز بوو، کێشەو نزمی

بـــاری بژێوی ژیانیان ئاســـتەنگی بـــەردەم گۆڕانکارییەکان بوو، ئالێرەدا جیاوازی کەســـایەتی سویدی لەگەڵ کەسایەتی کوردەکان دەردەکەوێت ئەوان هەر فرسەتیان بۆ دەرکەوت دەستیان بە بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندکردنـــی لایەنی مەعریفی خۆیان کـــرد، خویان نەدایە جوانکاری و کەمالییـــەت، کاتەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی مەعریفەو پەروەردە تەرخان کرد، پاشـــەکەوتیان کرد گەرچی لە ســـەرەتادا ئەو پاشەکەوتە زۆر کەم بوو، بەڵام وورده وورده زیادیکرد، پێگەیاندنی فیکری و مەعریفە ســـەرەتا بوو بـــۆ بەگەڕخســـتنی تواناکان لە بـــواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و دواتریش پیشەسازی .

زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو گەرچی سامانی نەوت و کانزاو سروشـــتیان هەیە کەچی هەژارو دواکەوتوون، وەکو ئەلبانیا کە خاوەنی نەوت و کانزاو خەڵووزە کەچی ئەفرادەکانیان داهاتێکی لاوازیـــان هەیە، ئەلبانەکان بە هاوشـــێوەی کوردەکان چاوەڕێی مووچـــەو ئاوڕلێدانـــەوەی حکومەتن، من ناڵێـــم ئابووری و حکومڕانی دەســـەڵات تۆمەتبار نییە، ئەوە راســـتییە دەزانم کە ژێرخانی ئابووریتان وێـــران و خابوور کراوە، گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەســـەڵات ئاســـتەنگ و گرفتی زۆری لە بەردەم داناون، بەڵام ئەو هەموو ســـاڵە بـــەس نەبوو بۆ خۆ پێگەیاندن و سڕینەوەی شـــوێنەوارەکانی شەڕو ماڵوێرانی، ناکرێت هەموو تاوانەکان بخرێتە سەر حکومەت، لە کوردستان پێشتر ئەوەی من ئاگادار بم کەرتی کشتوکاڵی لە زۆربەی بوارەکاندا پێداویستی ناوخۆی پڕ دەکردەوە ئێستاکە گەرچی ژێرخان باشترەو یارمەتی پێدانی ســـەمادو پێداویستی کشـــتوکاڵی هەیەو بگرە شێوازی بەرهەمهێنان بەراورد بە هەشتاو حەفتاکان چاکتر بووە، کەچی کەرتی کشتوکاڵ بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، ئەمە خراپ تێگەیشتن نییە لە واقیعی ئابووری، من لەو بڕوایەدام کەســـەکان خۆشیان نایانەوێت ئەو راستییە بزانن کە گۆڕانـــکاری و دەربازبوون لەم واقیعە کاری جددی خۆشیانی دەوێـــت، کوردســـتان خاوەنی باشترین خاک و ئاووهەوایە کەچی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی میوەجات و سەوزەو خۆراك پشت بە وڵاتانی دواکەوتوو دەبەستێت، خەڵکی فێربوون لە شـــارەکاندا نیشتەجێبوون و دووچاری گرانی و هەڵاوســـانی نرخەکان بوون، تەنانـــەت بـــە موچەیەکی کەم دامەزراون، لە کاتێك دا کەمێك خۆیان ماندو بکەن و سەرقاڵی پیشـــەی کشـــتوکاڵی بن زۆر سودمەند تر دەبن، رۆژهەڵاتی ناوەراســـت ناوچەیەکی نا ئارام و ناســـەقامگیرە و هەرێمـــی کوردســـتانیش کەوتۆتە نـــاو چەقی ئـــەم گۆڕانکارییانەوە لە پێکەیەکی وادا مومکین نییە خاوەنی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی نەبن .، بۆیە بەرنامەو کاری زانستییانە لەوەدایە کە چۆن ئێمە بە پارەو داهاتی نەوت کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی پێشبخەین و خەڵکی کوردستان فێری ئەوە بکەین ببنە بەرهەمهێنەر، نەك بەکارهێنەر، لەرێگای بەروبووم و بەرهەم و کاڵاکانیانەوە خەڵکی دەرەوە ســـوودمەندبن، لە ناو سەنتەری شارەکانیش کاری کڕین و بازرگانـــی بەو بەرهەمە خۆماڵییە بکرێت، ئەمە بوچوونێکی ســـادەو ژیرانەیە، دەکرێت توێژەران و شارەزایانی ئابووری کاری بۆ بکەن و میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی تاکەکان بەرهەمهێن بن و پشـــت بە توانا ناوخۆییەکان ببەســـتن و بـــڕوا بە توانای خۆیان هەبێت و زەمینە خۆش بکەن بۆ بەرهەمهێنان . پێویستە گوندەکان لە سەنتەری شارەکان دەوڵەمەندتر بن. شار پێویستیی بە گوند هەبێت بۆ دابینکردنی پێداویســـتتیەکانی رۆژانە، لە جیاتی پەنابردن بۆ وڵاتانی دەوروبەر بۆ کڕینی بەرهەمەکانی شـــیر لە ماســـت و پەنیرو هتد.. دەکرێت پەرە بـــە گوندەکان بدرێـــت بۆ بەرهەمهێنانی ئـــەم بەرهەمانە، هەروەها دەکرێت لە ئایندەدا ئەم بەرهەمانە بۆ وڵاتانی تر بنێردرێت، ئەمەش دەبێتە داهاتێکی باش بۆ وڵاتەکە، پێویستە لە شتی سووك و بچووکەوە دەســـت پێ بکرێت، بۆ نموونە: ســـەرەتا بە بەرهەمەکانی شیر لەگەڵ درووستکردنی مۆبیلیات لە داروردەختەکانی گوندەکان. دواتر بیربکرێتەوە لەسەر دانانی کارگەی جیاواز و جۆراوجۆر و ئەنجامدانی پرۆژەو پیشەسازی گەورە.

لە باشماخ بووم، لەوێ بینیم بارهەڵگرەکان هەمووی میوەجات بـــوون، بە پـــڕی دەهاتنە کوردســـتان، بەڵام لـــە گەڕانەوەیان بارهەڵگرەکانیان بەتاڵ بوو و بە لێوێکی پڕ خەندەوەو گیرفانێکی پـــڕ لە پـــارە دەگەڕانـــەوە بۆ وڵاتەکەیان..



بەرهەمهێنانـــی میوەجـــات و ســـەوزەو زۆر لـــە کاڵاو بەرهەمەکانـــی کشـــتوکاڵی و ئاژەڵداری پەیوەندیی راستەوخۆو کاریگـــەری بە پێشـــکەوتنی ئابووری نییە، بەڵکو پەیوەندیی بـــە عەقلییـــەت و فەرهەنگی ئابوورییەوە هەیە . دانیشتووانی هەرێمـــی کوردســـتان دەتوانن لەم بـــوارە کێبڕکێیـــان لەگەڵ بکەن . بەڵام، ســـەرەتا دەتوانن لە ئاســـت و مەودایەکی کەمدا دەست پێ بکەن، وەکو پێشتریش وتم، پێویســـتە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی بچووکەوە دەست پێ بکەن.

●●●
**لە وڵاتی سوید کار دەکەین و باج دەدەین، بەو باجە حکومەت خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتی ئامادە دەکات**
●●●

●●●
**ئەلبانەکان بە هاوشێوەی کوردەکان چاوەڕێی مووچەو ئاوڕلێدانەوەی حکومەتن**
●●●

**پرۆفیسۆر پاتریک کلاوسن بەڕێوەبەری دیراسات لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک بۆ گوڵان:**

# ئەحمەد نەژاد نەیتوانی سەردانی نەجەف و کەربەلا بکات لەبەر ئەوە سەردانەکەی سەرکەوتوو نەبووە



■ پرۆفیسۆر پاتریك کلاوسن کە بەڕێوەبەری دیراساتی ئامۆژگای واشنتۆنە بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و یەکێکە لە تۆژەر و شرۆڤەکارە بەناوبانگەکانی دۆسێی ئێران لەسەر ئاستی جیهان. پاتریك کلاوسن خاوەنی ٢٤ کتێبە و لە کتێبە بەناوبانگەکانی لەسەر ئێران ئەمانەن:

- باری ناوخۆی ئێران: کۆمەڵگە و ئاژاوە.
- ئامادەباشی بۆ پرۆگرامە نیوکلیاریەکانی ئێران.
- هەروەها کلاوسن خاوەنی ٧٠ وتارە لە میدیاکانی جیهان، کە هەموویان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرانی نووسیووە.

بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانەکەی ئەحمەد نەژاد بۆ عێراق، گوڵان پەیوەندی بە پاتریك کلاوسن کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

**سەردانەکەی ئەحمەد نەژاد زۆر سەرکەوتوو نەبوو لەبەر ئەوەی نەیتوانی سەردانی هەردوو شاری نەجەف و کەربەلا بکات و چاوی بە ئایەتوڵا عەلی سیستانی بکەوێت**

***ئایا بەرنامەی سەردانەکەی ئەحمەد نەژاد بۆ عیراق چۆن بوو تاچەند سەرکەوتووبوو؟**

- ئەوەی پەیوەستە بە کارنامە سیاسییەکەوەیە، لە ڕاستیدا سەردانەکەی زۆر سەرکەوتوو نەبوو لەبەر ئەوەی نەیتوانی سەردانی هەردوو شاری نەجەف و کەربەلا بکات و چاوی بە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی بکەوێت، ئەوەش لە ڕوانگەی زۆرێك لە ئێرانییەکانەوە بە شتێکی سەیر و نائاسایی لە قەڵەم دەدرێت کاتێك سەرۆکی وڵاتەکەیان سەردانی عێراق دەکات و ناچێتە هەردوو شاری نەجەف و کەربەلاوە، بەتایبەتی لە لایەن سەرۆکێکەوە کە خۆی بە کەسێکی ئایندار و ئاینپەروەر دەخاتەڕوو. بەڵام گەشتەکە لە ڕوانگەی حکومەتی عێراقەوە سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ڕاستیەی سەلماند کە عێراق لە لایەن دەوڵەتێکی گەورەی دراوسێوە پشتگیری لێدەکرێت و ڕەوایەتی پێدەدرێت کە ئێرانە. کەواتە سەردانەکە زیاتر بۆ عێراق نەك بۆ ئەحمەدی نەژاد مایەی سەرکەوتن بوو.

**ئەحمەدی نەژاد خوازیاری ئەوەبوو چەند ریکەوتنێک ئەنجامبدات بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا**

*** هۆکاری بەرهەڵستیی سوننەکان بۆ ئەو سەردانەی سەرۆکی ئێران بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-من پێم وایە نیگەرانییەکی بەرچاو هەبوو لە ناو سوننەکاندا کە ئەمە هەوڵێکە بۆ زیاترکردنی کاریگەری و دەستڕویشتووی ئێران لە عێراقدا، هەروەها مەترسی ئەوە هەبوو کە چەندین ڕێککەوتنی جۆراجۆر ئەنجام بدرێت لە گەڵ حکومەتی ئێراندا، لە ڕاستیدا ئەحمەدی نەژاد خوازیاری ئەنجامدانی ئەو ڕێککەوتنانە بوو بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

***ئێران دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکەیە، ئایا کاریگەری و دەستڕویشتوی ئەم وڵاتە چی دەبێت لەسەر بارودۆخی ئاسایشی عێراق؟**

-لە ڕاستیدا ئێران پتر سەرچاوەی گیروگرفت و ناسەقامگیری بووە لە ڕێی دابینکردنی چەك و پارەوە بۆ گروپە یاخیبووەکان، نەك هۆکارێك بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئاسایشی عێراق. لە لایەکی دیکەوە ئێران کارێکی زۆری لە دەست نایەت گەر بیەوێت هاوکاری باشتر کردنی بارودۆخی ئاسایش بکات لەبەر ئەوەی ئەو گروپانەی بە کاری یاخیبوون هەڵدەستن زۆر گرنگی

به جێبه‌جێكردنی داواكارییه‌كانی ئێران نادەن گەر ئێران داوای وەستاندنی چالاكییەكانیان لێبكات. به گوزارشتێكی دیكه ئێران دەتوانێت هۆكاری ناسەقامگیری و پشێوی بێت بەڵام ناتوانێت هاوكاری چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری بدات.

**مافی حكومەتی عێراقه**
**پەیوەندی باشی لە گەڵ دەوڵەتێكدا هەبێت**
**دۆستی وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا نەبێت**

***بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەككگرتووەكان، ئەمەریكا هێزێكی كۆلۆنیالیە لە عێراقدا، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن دەكرێت سەرۆكی ئێران سەردانی عێراق بكات لە كاتێكدا ئێران بە دوژمنی ئەمەریكا لە قەڵەم دەدرێت و عێراقیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریكادایە؟**

- لە ڕاستیدا بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانی و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەكان داگیركارییەكە كۆتایی هات. ئێستا عێراق خاوەنی سەروەریە و هێزەكانی ئەمەریكا لە سەر داوای حكومەتی عێراق و بە مۆڵەتپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە عێراقدا ماوەتەوە، واتە چەند ساڵێكە ئەمەریكا دەسەڵاتێكی داگیركەر نییە لە عێراقدا. مافی حكومەتی عێراقیشە كە پەیوەندی باشی لە گەڵ دەوڵەتێكدا هەبێت كە دۆستی وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا نەبێت.

هەربۆیەش مەزندەی ئەوەشی لێناكرێت كاریگەرییەكی لەسەر پەیوەندییەكانی واشنتۆن و تارانیش هەبێت، باشترین نموونە ئەوەیە كە كۆبونەوەی بڕیار لێدراوی نێوان گروپە تەكنیككارەكانی ئەمەریكا و ئێران لە لایەن ئێرانییەكانەوە هەڵوەشێنرایەوە، بە بیانوی سەرقاڵ بوونی گروپی ئێرانی بە دەرئەنجامەكانی سەردانەكەی ئەحمەدی نەژادەوە.

**ئە گەر ئامانجی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئەوە بووبێت**
**كە ئێران دۆستێكی زۆرتری هەیە لە ناوچەكە**
**ئەوا سەردانێكی شكست خواردو بوو**

*** ئەگەر ئەم سەردانە هەوڵێك بێت بۆ شكاندنی ئەو هاوپەیمانێتیەی وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا بە نیازە لە دژی ئێران دروستی بكات لە وڵاتانی كەنداو و هەردوو وڵاتی میسر و ئوردن، واتە گەر ئامانجەكە بەو ئاڕاستەیەدا بێت، ئایا هەڵوێستی ئەمەریكا چی دەبێت و چ كاردانەویەكی دەبێت؟**

- ئێران دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە هەوڵ و كۆشش بخاتە گەڕ بۆ ئەو ئامانجە، بەڵام سەردانەكەی ئەحمەدی نەژاد لەو ڕووەوە سەركەوتوو نەبوو. واتە ئەگەر ئامانجی ئەحمەدی نەژاد سەلماندنی ئەو ڕاستییە بووبێت كە ئێران شەعبیەتێكی زۆرتری هەیە لە ناوچەكە وەك لە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا ئەوا لەو ڕوانگەیەوە سەردانەكەی ئەحمەدی نەژاد سەردانێكی شكست خواردوو بوو.

***دوای ئەم سەردانە چ گۆڕانكارییەك لە مەسەلە سیاسییە هاوبەشەكانی نێوان و عێراق و ئێراندا ڕوودەدات و چ كاریگەرییەكی لەسەر هاوپەیمانەكانی ئەمەریكا دەبێت لە ناوچەكەدا؟**

- من هیوادارم دەرئەنجامی سەردانەكە سەلماندنی ئەو ڕاستییە بێت كە ئێران دەوڵەتێكی گرنگە لە ناوچەكەدا، بەڵام هێزێكی ئیجابی نییە لە ناوچەكەدا. تێگەیشتنی من ئەوەیە كە ئەحمەدی نەژاد بە شێوەیەك ڕەفتاری دەكرد وەك ئەوەی پاشای جیهان بێت كە ئەوەش زۆرێك لە لایەنە عێراقییەكانی وەڕس و بێزار كرد. لە ڕاستیدا ئەحمەدی نەژاد كەسێكی لە خۆباییە و زۆرێك لە سیاسەتمەدارەكانی ئێران و زۆرێك لە سیاسەتمەدارە دەرەكییەكانیشی بێزار كردووە و لە سەردانەكەشیدا بۆ عێراق هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری كرد.

***ئایا عێراق توانای سەقامگیركردنی ئاسایشی هەیە بێ هاوكاری و یارمەتی ئێران؟**

- لە ڕاستیدا، بەڵێ. هەندێ جار ئێران دەتوانێت یارمەتیدەر بێت و هەندێ كار گیروگرفت دەخولقێنێت. لە كۆتاییدا چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ئەركی خودی عێراقییەكانەوە و ئێران ڕۆڵێكی دیاری كراوی نییە لەو ڕووەوە.

*** سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بانگهێشت كاروە بۆ ئەوەی سەردانی توركیا بكات. ئایا كاریگەری ئەم سەردانە چی دەبێت؟ ئایا نابێتە هەنگاوی یەكەم و دەرفەتێك باش بۆ كرانەوەی ئێران بە ڕووی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

- لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پەكەكە هێرشی كردە سەر هەردوو وڵاتی ئێران و توركیا، لەبەر ئەوە چەند بنچینەیەك هەیە بۆ ئەوەی هەردوولا هاوكاری یەكدی بكەن. ڕەنگە پێشوازییەكی گەرم لە ئەحمەدی نەژاد بكرێت لە توركیا، لەبەر ئەوەی توركیا سەرقاڵە بە كێشەی پەكەكەوە و ئێرانیش پێشتر هێرشی كراوەتە سەر لە لایەن ئەم گروپەوە.

**من گەشبینیەكی واقیعیانەم هەیە**
**كە سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا**
**هەمان سیاسەت لە ئاست عێراقدا پیادە دەكات**

*** حاڵی حازر وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا ڕووبەڕووی تەحەددا بۆتەوە، هیچ ڕێگاچارەیەكیشی لەبەردەمدا نییە جگە لە بەدەستهێنانی سەركەوتن لە عێراقدا، پێتوایە ئیدارەكەی سەرۆك بۆش دەتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت لەو ماوەی چەند مانگی داهاتوودا؟**

- لە ڕاستیدا سەرۆكی داهاتوی ئەمەریكا بە وورياييەوە پێداچونەوە بە سیاسەتی ئەمەریكادا دەكات لە ئاست عێراقدا. من گەشبینییەكی واقیعیانەم هەیە كە سەرۆكی داهاتووی ئەمەریكا هەمان سیاسەت لە ئاست عێراقدا پیادە دەكات، بەڵام كەسانێكی زۆر هەن لەگەڵ ئەم پێشبینیەی مندا هاوڕانین.

**نەوت هۆكارێكە بۆ مانەوەی عێراق بە یەكپارچەیی**

***پێتوایە عێراق بە یەككگرتوی دەمێنێتەوە، یاخود چارەنوسی دابەشبوون دەبێت؟**

- من پێموایە بوونی سەرچاوەگەلێكی سروشتی گەورە لە عێراقدا، بە تایبەتی سەرچاوەی نەوت قەناعەت بە گروپە جیاوازەكانی عێراق دەكات كە هەوڵی هێشتنەوەی وڵاتەكەیان بدەن بە یەككگرتوویی بۆ ئەوەی بتوانن داهاتی ئەو سەرچاوانە لە نێو خۆیاندا دابەش بكەن.

●●●

**لە ڕوانگەی زۆرێك لە ئێرانییەكانەوە بە شتێكی سەیر و نائاسایی لە قەڵەم دەدرێت كاتێك سەرۆكی وڵاتەكەیان سەردانی عێراق دەكات و ناچێتە هەردوو شاری نەجەف و كەربەلاوە، بەتایبەتی لە لایەن سەرۆكێكەوە كە خۆی بە كەسێكی ئاینپەروەر دەخاتەڕوو**

●●●

●●●

**ئەحمەدی نەژاد بە شێوەیەک ڕەفتاری دەكرد وەک ئەوەی پاشای جیهان بێت كە ئەوەش زۆرێك لە لایەنە عێراقییەكانی وەڕس و بێزار كرد**

●●●

●●●

**ڕەنگە پێشوازییەكی گەرم لە ئەحمەدی نەژاد بكرێت لە توركیا، لەبەر ئەوەی توركیا سەرقاڵە بە كێشەی پەكەكەوە و ئێرانیش پێشتر هێرشی كراوەتە سەر لە لایەن ئەم گروپەوە**

●●●

**پرۆفیسۆر عەلی ئەنساری شرۆڤەکاری دۆسیێ ئێران لە ئامۆژگای چاتام هاوس بۆ گوڵان:**

# سەردانی ئەحمەد نەژاد بۆ عێراق وەرچەرخانێکی گرنگە لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێراندا



■ پرۆفیسۆر عەلی ئەنساری، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەت و مێژووی ئێران و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا لە ئامۆژگای پادشایەتی چاتام هاوس لە لەندەن. ئێستا پرۆفیسۆر ئەنساری، پرۆژەیەکی لە چاتام هاوس لەبەردەستدایە بە ناونیشانی «ئێران لەسەردەمی حوکمڕانی ئەحمەد نەژاد»دا بەردەوامیش لەسەر سیاسەتی ئێران لەسەر ئاستی جیهان پەیوەندی پێوە دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانەکەی ئەحمەد نەژاد بۆ عێراق، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر عەلی ئەنساری کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن. ■

### سەردانی نەژاد بۆ عێراق ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێران هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا

***لە زۆر ڕووەوە سەردانەکەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق بە سەردانێکی مێژوویی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەمین سەرۆکی ئێرانە کە سەردانی عێراق بکات، تێڕوانینی ئێوە چیە بۆ ئەم سەردانە؟**

- من پێموایــە خاڵێکی گرنگە لــە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێرانــدا، بەتایبەتی دوای نەهامەتییەکانی شــەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتــە. هەروەها بە ڕوونی ئەو ڕاســتییەی دەرخســت کە پەیوەندییەکانــی نێــوان عێراق و ئێران ئاڵوگــۆڕی گەورە بە خۆیانەوە دەبینن. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئێران هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا.

### سوننەکان وەک هێزێکی دوژمن لە ئێران دەڕوانن

***کــورد و شــیعەکان بە ســەردانەکەی ســەرۆك ئەحمەدی نەژاد خۆشحاڵبوون، بەپێچەوانەوە ســوننەکان نائاسوودەبوون و بەرهەڵســتی ئەو سەردانەیان کرد، هۆکاری ئەم بەرهەڵستییەی سوننەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-من پێموایە سوننەکان دەبینن کە ئێران تا ڕادەیەك باش پشتیوانی لە کورد و شــیعەکان دەکات. لە لایەکی دیکەوە سوننەکان وەك هێزێکــی دوژمن لە ئێران دەڕوانن، لە بەشــێکیدا لەبەر ئەوەی شیعەیە و سوننەکانیش لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ شیعەکاندا ناکۆکن، هەروەها پێیانوایە ئێران دەستڕۆیشــتوویەکی گەورەی هەیە لە عێراقدا لە ڕێی شیعە و کوردەکانەوە.

### ئێران دوو سیاسەتی جیاواز لەگەڵ عێراق پیادە دەکات

***ئێــران دەوڵەتێکــی بەهێزی ناوچەکەیە، ئایــا کاریگەری و دەستڕۆیشــتووی ئەم وڵاتــە چی دەبێت لەســەر بارودۆخی ئاسایشی عێراق؟**

-لە ڕاستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر ئەو سیاسەتەی ئێران لە ئاست ناوچەکــەدا دەیگرێتەبەر. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا دوو جۆرە سیاســەتی جیاواز لــە ئێراندا پەرەی پێدەدرێت، یەکەمیان سیاســەتێکی ســتراتیجیانەیە کە لەلایەن نوخبەی بیرۆکراتی وڵاتەکەوە هێڵەکانی دەستنیشــان دەکرێت، دووەمیان لەلایەن هێــزە شۆڕشــگێڕییەکانەوە پیادە دەکرێــت، بەو پێیە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سروشــتی ئەو دوو جۆرە سیاسەتە و ناکۆکییەکانیان حەقیقەتی ئەو سیاســەتەمان بۆ دەخاتەڕوو کە

ئێران لە ئاست عێراقدا پەیڕەوی دەکات. لە راستیدا زۆرێك لە مەسەلەکان پەیوەستە بە ئابووری ئێرانەوە، واتە گەر ئابووری ئەو وڵاتە لاواز بوو ئەوا توانایەکی کەمتری دەبێت بۆ ئەوەی کاریگەر بێت لەسەر بوارەکانی دیکە لە عێراقدا.

**ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییە توندوتۆڵەی لەکاتی سەردانەکەی سەرۆک بۆشدا بەدیمان کرد لە سەردانەکەی سەرۆک نەژاددا بەدی نەکران**

***بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەریکا هێزێکی کۆلۆنیالییە لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت سەرۆکی ئێران سەردانی عێراق بکات لە کاتێکدا ئێران بە دوژمنی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدرێت و عێراقیش لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادایە؟**

-لە راستیدا جێی سەرنجە کە ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییە توندوتۆڵانەی لەکاتی سەردانەکەی سەرۆك بۆشدا بەدیمان کرد، لە سەردانەکەی سەرۆك نەژاددا بەدی نەکران. من پێموایە لە گۆشەنیگای ئێرانییەکانەوە عێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەرییە و خۆی ئازادە لەوەی لەگەڵ چ وڵاتێکدا مامەڵە دەکات و سەرپشکە لەوەی لەگەڵ دەوڵەتێکدا پەیوەندی هەبێت.

***تا چ رادەیەك سەردانەکەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد کاریگەری دەبێت لەسەر واڵاکردنی دەرگاکانی گفتوگۆ لە نێوان تەهران و واشنتۆندا؟**

گەر بە راشکاوی وەڵامت بدەمەوە پێموایە کاریگەرییەکی زۆری نابێت لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی گفتوگۆکردنی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

**ئێران ناتوانێت کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لەسەر ئاراستەی سیاسەت و کارکردنی ئەمەریکا لە عێراقدا**

***گەر ئەم سەردانە هەوڵێك بێت بۆ شکاندنی ئەو هاوپەیمانێتییەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە نیازە لە دژی ئێران دروستی بکات لە وڵاتانی کەنداو و هەردوو وڵاتی میسر و ئوردن، واتە گەر ئامانجەکە بەو ئاراستەیەدا بێت، ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت و چ کاردانەوەیەکی دەبێت؟**

- لە راستیدا من پێموایە ئێران ناتوانێت کاریگەرییەکی زۆری هەبێت لەسەر ئاراستەی سیاسەت و کارکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەوە مەسەلەیەکە زیاتر پەیوەستە بە بارودۆخ و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە بە خەون و ئامانجەکانی ئێرانەوە لە عێراقدا.

***دوای ئەم سەردانە چ گۆڕانکارییەك لە مەسەلە سیاسییە هاوبەشەکانی نێوان و عێراق و ئێراندا روو دەدات و چ کاریگەرییەکی لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دەبێت لە ناوچەکەدا؟**

- من پێموایە ئێران هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ عێراقدا و هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا پتر نیگەران دەبن لە هەڵکشانی هێزی ئێران لە ناوچەکەدا.

***ئایا عێراق توانای سەقامگیرکردنی ئاسایشی هەیە بێ هاوکاری و یارمەتی ئێران؟**

- نەخێر، پێویستە جۆرێك لە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لەم رووەوە شتێکی سەرنجڕاکێش و جێی بایەخ دەبێت.

**ئەگەر سەرۆکی ئێران بەشێوەیەکی ڕەسمی بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات**

*** لە ڕۆژنامەی زەمانی تورکیدا هاتووە سەرۆك ئەحمەدی نەژاد سەردانی تورکیا دەکات. ئایا کاریگەری ئەم سەردانە چی دەبێت؟ ئایا نابێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی سەردانی ئەورووپا بکات؟**

- لە راستیدا شتێکی سەرنجڕاکێش و جێی بایەخ دەبێت گەر سەرۆکی ئێران بەشێوەیەکی ڕەسمی بانگهێشت بکرێت بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات. من پێموایە سەردانیکردنی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئەورووپا ئەگەرێکی دوورە لەبەر هەڵوێستەکانی لە مەسەلەی هۆلۆکۆست و چەند لێدوانێکی دیکەی کە جێی مشتومڕێکی زۆرن لە ئەورووپادا.



●●●

**ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا دوو جۆرە سیاسەتی جیاواز لە ئێراندا پەرەی پێدەدرێت، یەکەمیان سیاسەتێکی ستراتیجیانەیە کە لەلایەن نوخبەی بیرۆکراتی وڵاتەکەوە هێڵەکانی دەستنیشان دەکرێت، دووەمیان لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕییەکانەوە پیادە دەکرێت**

●●●

●●●

**زۆرێک لە مەسەلەکان پەیوەستە بە ئابووری ئێرانەوە، واتە گەر ئابووری ئەو وڵاتە لاواز بوو ئەوا توانایەکی کەمتری دەبێت بۆ ئەوەی کاریگەر بێت لەسەر بوارەکانی دیکە لە عێراقدا**

●●●

●●●

**سەردانیکردنی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئەوروپا ئەگەرێکی دوورە لەبەر هەڵوێستەکانی لە مەسەلەی هۆلۆکۆست و چەند لێدوانێکی دیکەی کە جێی مشتومڕێکی زۆرن لە ئەوروپادا**

●●●

**پرۆفیسۆر چیرس باری ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی گلاسکۆ بۆ گوڵان:**

# سەردانی نەژاد هەوڵێکی ستراتیژییە بۆ بونیادی پەیوەندی ئابووری ئێران لە عێراقدا

■ پرۆفیسۆر چیرس بیری، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی گلاسکۆی بەریتانی و ماوەی ٣٨ ساڵە لەو زانکۆیە کار دەکات و لە ساڵی ١٩٩٦ یشەوە ئوستادی تێوری سیاسەتە لە زانکۆی ناوبراو.
پرۆفیسۆر بیری بەشداری چەندین کۆنفرانسی لەسەر سیاسەتی ئێرانی کردووە چەندین جاریش سەردانی ئێرانی کردووە ، بۆ تاوتوێکردنی شرۆڤەی سەردانەکەی ئەحمەد نەژادیش بۆ عێراق، گوڵان پەیوەندی پێوە کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:
سەردانەکەی ئەحمەد ■



**نەژاد هەوڵێکی ستراتیژییە بۆ بونیاتنانی بەرژەوەندی ئابووری ئێران لە عێراقدا**

*** سەردانەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق بە سەردانێکی گرنگ دادەنرێت، تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ ئەم سەردانە؟**

- من لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوچەیی ئێراندا لەو سەردانە دەڕوانم، پێم وایە ئەوە تا رادەیەکی دیاریکراو هەوڵێکی ستراتیجیە لە لایەن ئەحمەدی نەژادەوە بۆ بونیاتنانی بەرژەوەندی ئابووری و هەروەها بەرژەوەندییە بەرفراوانەکانی دیکە لە عێراقدا.

**عەرەبی سوننە نیگەرانن لەوەی ئەمە هەوڵێک بێت بۆ پتر چەسپاندنی باڵادەستی شیعە لە سەر حسابی زیان گەیاندن بە بەرەژەوەندییەکانی ئەوان**

***عەرەبی سوننەی عێراق بەسەردانی ئەحمەد نەژاد نائاسودەبوون و بەرهەڵستی ئەو سەردانەیان کرد، هۆکاری ئەم بەرهەڵستیەی سوننەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێم وایە سوننەکان مەترسی ئەوەیان هەیە و نیگەرانن لەوەی ئەمە هەوڵێك بێت بۆ پتر چەسپاندنی باڵادەستی شیعە لە سەر حسابی زیان گەیاندن بە بەرەژەوەندییەکانی ئەوان بە تایبەتی ئەو گروپ و لایەنانەی نزیك بوون لە سەدام حوسێنەوە، واتە نیگەرانن لەوەی ئەمە هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی پتر پەراوێزبکرێن لە عێراقدا.

***چۆن دەکرێت سەرۆکی ئێران سەردانی عێراق بکات، لە کاتێکدا ئێران بە دوژمنی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدرێت و عێراقیش لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادایە؟**

-لە راستیدا ئەوە بەشێکە لە سیاسەتی ستراتیژیی ناوچەیی ئێران و بە حوکمی ئەوەی عێراقیش خاوەنی سەروەری خۆیەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانێت بە رەسمی رێگە لەو سەردانە بگرێت. واتە لە روی مەبدەئیەوە عێراق دەتوانێت بە شێوەیەکی یەکلایەنە رەفتاربکات.

***تا چ رادەیەك سەردانەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد کاریگەری دەبێت لە سەر واڵاکردنی دەرگاکانی گفتوگۆ لە نێوان تەهران و واشنتۆندا؟**

-هەستی من ئەوەیە کە ئەمە بۆی هەیە دەرئەنجامێکی بنیاتنەرانەی لێبکەوێتەوە لەو رووەوە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە تەنیا هەستێکە و تەنیا گریمانەیەکە.

بە حوکمی ئەوەی دەسەڵات و ئیدارەی ئەمەریکا لە سەرووبەندی گۆڕاندایە، ئەوا ناتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە ئەمەریکا چ ستراتیژییەتێك دەگرێتەبەر بۆ دەرچوون لە عێراق، کە ئەوەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکاری دیکەوە. واتە ناتوانین ئێستا وەڵامێکی روونی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

***دوای ئەم سەردانە چ گۆڕانکاریەك لە مەسەلە سیاسییە هاوبەشەکانی نێوان و عێراق و ئێراندا روودەدات وچ کاریگەرییەکی لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دەبێت لە ناوچەکەدا؟**

- من پێم وایە هیچ دەرئەنجامێکی راستەوخۆی لێناکەوێتەوە، ئەمە تەنیا مانۆڕێکی کورتخانە. واتە ناتوانین پێش ئەوە بکەوین هەندێ شتی دیاریکراو بە خێرای روودەن لە ئەنجامی ئەم سەردانەوە.

پرۆفیسۆر لاری دایمۆند راوێژکاری پێشووی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق بۆ گوڵان»:

# دەبێت کورد بۆ پاراستنی دەسکەوت و ئازادییەکانی بڕیاری واقیعی و پراگماتیکی بدات



■ پرۆفیسۆر لاری دایمۆند، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین بڕیاردەرانی دیموکراسی و، راوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانیش بووە واتە دەسەڵاتی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لە عێراقدا، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ستانفۆرد لە ئەمەریکا.
پرۆفیسۆر دایمۆند، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.
لەو ماوەیەی کە وەك راوێژکاری سیاسی لە عێراق کاریکردووە، تەنیا دوای ماوەی ساڵێك عێراقی بەجێهێشتووە و لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکا رایگەیاندووە کە عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە هەنگاو هەڵدەگرێت و پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا سەرکەوتوونابێت.
ئەم ئەزموونەی دایمۆند لەو پاشخانە فیکرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە تەنیا لە بواری پیادەکردنی دیموکراسی خاوەنی زیاتر لە ٢٠ کتێبە و بەدەیان دیراسەتیشی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەیە.
ساڵی پار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ دایمۆند سازکرد و تیایدا راشکاوانە ئاماژەی بەسەرنەکەوتنی پرۆسەی سیاسی عێراق کرد، ئەمساڵیش جارێکی دیکە و لە بەرۆشنایی بەرەو پێشەوە چوونە تازەکان پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر دایمۆند کرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ■

**حکومەتی عێراقی چەندها ملیار دۆلار داهاتی نەوتی لەبەردەستدایە تا ئێستاش نەیتوانیووە چارەسەرێک بۆ کێشە و گرفتەسیاسییەکان بدۆزێتەوە**

***وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا رووبەڕووی تەحەددا بۆتەوە، هیچ رێگاچارەیەکیشی لەبەردەمدا نیە جگە لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە عێراقدا، پێت وایە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا؟**

- من پێم وایە بەدەستهێنانی سەرکەوتن زیاتر ئەرکی عێراقییەکانە نەك ئەمەریکا، سەرۆك بۆش ئەوەی راگەیاندووە کە ئەو ژمارەی سەربازەی لە ماوەی پێشوودا لە عێراقدا زیادی کرد دەیان کشێنێتەوە و ئاستی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاستی پێش ستراتیژیەتی زیادکردنی هێزەکان کە نزیکەی ١٣٠،٠٠٠ سەرباز بوو. حکومەتی عێراقی چەندها ملیار دۆلار داهاتی نەوتی لەبەردەستدایە و کات و دەرفەتی زۆری لە بەردەستدابوو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکەو و هێنانەدی ئاشتەوایی

●●●
راستە کوردستان ئازادە، بەڵام ئایا دوو حیزبە سەرەکیەکە ئازادی زیاتر دەرەخسێنن و کوردستان لە گەندەڵی پاک دەکەنەوە
●●●

●●●
راستە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان لە سەروی لە سەدا ٩٠ خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیین، بەڵام من هیوادارم کە ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە ئەوە لە رووی جیۆپۆلیتیکیەوە کارێکی کردەیی نییە
●●●

**فیدرالیزم چارەسەرێکی درێژخایەنە بۆ سەقامگیری لە عێراقدا**

**ئەگەر هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت و هەڵبژاردنەکە ئازاد و نەزیهانە بێت دەبێتە کاردانەوەیەک لە دژی ئەو پارتانەی پەیوەستن بە ئێرانەوە**

**گەر کوردەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدەن ئەوا کارەسات بە سەر خۆیاندا دەهێنن، لەبەر ئەوەی جیۆپۆلیتیکی عێراق و ناوچەکە رێگە بە هەنگاوێکی لەو چەشنە نادات**

نیشتمانی و ئێستاش دەبینن کە ناگەنە رێککەوتن لە سەر دیارکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و تا ئێستاش نەیتوانیوە چارەسەرێك بۆ کێشە و گرفت و سەختیە سیاسییەکان بدۆزێتەوە و ئابووری وڵاتەکە ببوژێنەوە.

## توندوتیژی تائیفی و ئیتنی هەل ودەرفەتەکانی بەردەم دیموکراسی بەرتەسک کردەوە

***لەساڵی ٢٠٠٤دا پێتان وابوو دیموکراسی لە عێراقدا نایەتەدی، ئێستا چ تێڕوانین و بیروبۆچونێکتان هەیە؟**

- لە راستییدا دیموکراسی لە چەند رەگەزێك پێکدێت وەك بوونی فرەیی سیاسی و بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز، بەڵام توندوتیژی تائیفی و ئیتنی هەل ودەرفەتەکانی بەرتەسك کردەوە و ترس و دڵەڕاوکێی چاند. ئێستاش پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حیزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕی ئیسلامی بوونی بەرهەڵستکاری قبوڵ دەکەن لە ناوچەکانی باشووردا و رێگە بە سەرهەڵدانی پارت و لایەنی دیکە دەدەن. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت راستە کوردستان ئازادە، بەڵام ئایا دوو حیزبە سەرەکیەکە ململانێ قبوڵ دەکەن و ئازادی زیاتر دەڕەخسێنن و کوردستان لە گەندەڵی پاك دەکەنەوە.

## بە تێڕوانینی ئێوە تەنیا ریگە بۆ رێگرتن لە دابەشبوونی عێراق بریتیە لە فیدرالێزم

***ئایا چ پێشبینیەکت هەیە بۆ ئایندەی عێراق؟ پێت وایە ئەم وڵاتە بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە یاخود چارەنووسی دابەشبوونە؟**

- من پێم وایە عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە. راستە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان لە سەروی لە سەدا ٩٠ خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیین، بەڵام من هیوادارم کە ئەو راستیەیان لەبەرچاو بێت کە ئەوە لە رووی جیۆپۆلیتیکیەوە کارێکی کردەیی نییە. من پێم وایە لە کۆتاییدا واقیعبینی و پراگماتیزم زاڵ دەبن و زۆرینەی عێراقییەکان نایانەوێت وڵاتەکەیان دابەش ببێت و خوازیاری پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی وڵاتەکەیان دەبن. بە تێڕوانینی من چارەسەرەکە بریتیە لە فیدرالیزم بە هۆی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکانەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و یەکە فیدراڵییەکانەوە.

من پێم وایە تەنیا رێگا بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق جێگیرکردنی سیستمی فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەیە نەك هەر بۆ کوردستانی عێراق، بەڵکو بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەش. بێ دارشتنی زەمانەتێکی دەستووری بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکانی نەوت بەسەر بەشە جیاوازەکانی عێراقدا ئەوا نارەزایەتییەکان کەڵەکە دەبن و ناکۆکییەکان هەڵدەکێشن. کەواتە فیدراڵیزم چارەسەرێکی درێژخایەنە بۆ سەقامگیری لە عێراقدا.

## نابێت کورد بیانوو بداتە دەستی تورکیا

***هەرێمی کوردستانی عێراق تاقە ناوچەی ئارام و سەقامگیرە لە عێراقدا، بەڵام بە بەردەوامی رووبەڕووی هەرەشەی تورکیا دەبێتەوە، ئایا کوردەکان دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەرەشانە؟**

- من پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرگری لە کوردەکان ناکات لە بەرامبەر تورکیادا، تاوەکو هێرش و چالاکی سەربازی پەکەکە دژی تورکیا بەردەوام بێت لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە. سەرکردە کوردەکان لە بەردەم دوو رێگادان یان ئەوتا هەڵدەستن بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکەیان و رێگە لە دەستێوەردانی تورکیا دەگرن بە هۆی کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی پەکەکەوە، یاخود پەناگە و ناوچەی ئارام بۆ پەکەکە دابین دەکەن و پاساو و بیانوو دەدەنە دەست تورکیا بۆ هێرش و دەستێوەردان، دەبێت کوردەکان یەکێك لەو دو رێگایە هەڵبژێرن.

***چۆن ئێمەی کورد دەتوانین خۆمان لە هەرەشەی تورکیا بپارێزین؟**

-دەبێت ئێوە بە روونی ئەوە رابگەیەنن کە چیتر پێشوازی لە یاخیبوە کوردەکانی تورکیا ناکەن بۆ ئەوەی خاکی ئێوە بۆ هێرشکردنە سەر پەکەکە بەکاربهێنن، تەنها راگەیاندنیش بەس نیە دەبێت هەنگاوی جیددی و عەمەلی بنێن، ئەگەر نا تورکیا کاردانەوەی دەبێت و بەرگری لە خاك و سەلامەتی دانیشتوانەکەی دەکات. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاریگەری و دەسترۆیشتویەکی زۆری نیە لەسەر تورکیا بۆ ئەوەی رێگە لەو کاردانەویە بگرێت، لە راستیدا زۆرێك لە سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکا پێیان وایە رەوا نیە داوا لە تورکیا بکرێت بێ هەڵوێست بێت و کاردانەوەی نەبێت کاتێك خاکی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت بۆ هێرش کردنە سەر خاکەکەی.

***راوبۆچوونتان چیە لە سەر سەردانەکەی ئەحمەدی نەژاد؟ ئایا پێشبینی چ دەرئەنجامێکی لێدەکرێت؟**

- لە راستیدا هێشتا زووە باس لە دەرئەنجامەکانی ئەو سەردانە بکرێت. هەندێك بە نیگەرانیەوە لە هەڵکشانی رۆڵ و دەسترۆیشتوی ئێران دەڕوانن. من پێم وایە تەنانەت لە ناو شیعەکانیشدا کاردانەوە هەبوە بەرامبەر ئەم سەردانە. یەك ئەگەر هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت و هەڵبژاردنەکە ئازاد و نەزیهانە بێت دەبێتە کاردانەوەیەك لە دژی ئەو پارتانەی پەیوەستن بە ئێرانەوە، من پێم وایە ئەوان ئەم راستیە دەزانن و نیگەرانن لە بارەیەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە دەیانەوێت ئەو هەڵبژاردنانە دوابخرێت.

***کورد و شیعەکان بە سەردانەکەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد خۆشحاڵبوون، بەپێچەوانەوە سوننەکان نائاسودەبوون و بەرهەڵستی ئەو سەردانەیان کرد، هۆکاری ئەم بەرهەڵستییەی سوننەکان بۆچی دەگەرێتەوە؟**

- سوننەکان ترسی ئەوەیان هەیە کە عێراق ببێتە پاشکۆی ئێران و حاڵی حازر ئەو راستییە دەبینن کە ئێران بە سەر عێراقدا باڵادەستە و دەسترۆیشتویەکی زۆری لە وڵاتەکەیاندا هەیە. کەواتە وەڵامی پرسیارەکەت روونە و ئەوەش هەوڵ و کۆششێکی درێژخایەنی دەوێت بۆ ئەوەی دووبارە عێراق لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە.

## دەبێت کورد بڕیاری پراگماتی و واقیعی بدات بۆ برەودان بە بەرەوپێشچوونەکانیان و بۆ بە دامەزراوەی کردنی ئازادیەکەیان

***دوا ووشە و پێشنیارت چیە؟ چۆن پێشبینی داهاتوی عێراق بە گشتی و داهاتووی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەکەیت؟**

-من پێم وایە دەبێت کوردەکان بڕیار بدەن ئایا رێگایەکی پراگماتی و واقیعی دەگرنەبەر بۆ برەودان بە بەرەوپێشچوونەکانیان و بۆ بە دامەزراوەیی کردنی ئازادییەکەیان، یاخود هەنگاوێکی رەمزیانە دەنێن و سەرکێشی لەدەستدانی هەموو دەستکەوتەکان دەکەن. گەر کوردەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بدەن ئەوا کارەسات بە سەر خۆیاندا دەهێنن، لەبەر ئەوەی جیۆپۆلیتیکی عێراق و ناوچەکە رێگە بە هەنگاوێکی لەو چەشنە نادات.

■ پرۆفیسۆر گاری سامۆر، کە پێشتر بەڕێوەبەری کۆنترۆڵکردن و چەکی کۆکوژ بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاو، تایبەتمەند بووە لەسەر چەکە کۆکوژەکانی عێراق و کۆریای باکوورو ئێران.
ئێستا پرۆفیسۆر گاری سامۆر جێگری سەرۆکی و بەڕێوەبەرایەتی دیراساتی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا Council of foreign Relation
پرۆفیسۆر سامۆر ساڵی ١٩٨٤ نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی»سیاسەتی بنەماڵەی پادشایەتی لە عەرەبستانی سعودی« پێشکەشی زانکۆی هارڤارد کردووەو بەردەوامیش لەگەڵ هاوڕێ تۆژەرەکانی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەرقاڵی توێژینەوەن لەسەر پرسە ستراتیژییەکانی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە عێراق و پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر سامۆر کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.■



**پرۆفیسۆر گاری سامۆر**

**بەڕێوەبەری پێشووی کۆنترۆڵکردنی چەکی کۆکوژ لە ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوەیی ئەمەریکا بۆ گوڵان:**

# تورکیا لە سنووری دەسەڵاتی سەربازی خۆی تێدەگات و ئەو راستییەش دەزانێ کێشەی پەکەکە بە رێگەچارەی سەربازی یەکلایی ناکرێتەوە

**ئەمەریکا هەوڵی میانگیری دەدات لە نێوان ئەنقەرە و هەرێمی کوردستاندا بۆ گەیشتن بە رێککەوتن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە**

***هەرێمی کوردستانی عێراق تاقە ناوچەی ئارام و سەقامگیرە لە عێراقدا، بەڵام بە بەردەوامی رووبەڕووی هەڕەشەی تورکیا دەبێتەوە، ئایا کوردەکان دەتوانن پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببەستن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ناکۆکییەکی بەربڵاو لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا سەرهەڵنەدات. گرنگترین هەنگاویش بۆ رێگەگرتن لەو ناکۆکییە کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی پەکەکەیە، کە چالاکی یاخیگەرانە دژی تورکیا ئەنجام دەدەن. لەبەر ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکان هانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدات تاوەکو فشار بخەنە سەر چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی هێرش نەکەنە سەر تورکیا و هەوڵی سنووردارکردنی تورکیاش دەدات بۆ ئەوەی هێرشی سەربازی لە ناو خاکی کوردستاندا ئەنجام نەدات. واتە وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵی میانگیری

دەدات لە نێوان ئەنقەرە و هەرێمی کوردستاندا بۆ گەیشتن بە رێککەوتن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە. بەڵام من پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی پەکەکە بدەن بۆ ئەوەی کوردستان نەکەنە بنکەی هێرش و پەلامارەکانیان لە ناو خاکی تورکیادا، لەبەر ئەوەی پەکەکە خاکی کوردستان وەك بنکەی ئامادەسازی و ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر تورکیا بەکاردەهێنێت. گەر ئەو چالاکیانە راگیران ئەوا مەترسی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان ئەنقەرە و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەم دەبێتەوە.

**تورکیا لە سنووری دەسەڵاتی سەربازی خۆی تێدەگات و لەو راستییەش تێدەگات کە ناتوانێت ئەو کێشەیە بە رێگاچارەی سەربازی یەکلابکاتەوە**

*** بۆ ماوەی هەشت رۆژ تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی ئەنجامدا بە ئامانجکردنی گورز وەشاندن لە چەکدارانی پەکەکە، بەڵام سوپای تورکیا سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدی ئامانجەکانی، بە تێڕوانینی ئێوە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنە چیی بوون؟**

-تێڕوانین و تێگەیشتنی من ئەوەیە کە تورکیا لە سنووری دەسەڵاتی سەربازی خۆی تێدەگات و لەو راستییەش تێدەگات کە ناتوانێت ئەو کێشەیە بە رێگاچارەی سەربازی یەکلابکاتەوە. بەڵام تورکیا هەوڵیدا پەیامێك بۆ واشنتۆن بنێرێت کە ئەگەر ئەمەریکا فشاری سیاسی بەکارنەهێنێت بۆ هاندانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی پەکەکە ئەوا تورکیا هێزی سەربازی بە کاردەهێنێت. ئەو ئۆپەراسیۆنە هەندێ کاریگەری سنوورداری هەبوو لە رووی تێکشکاندنی هەندێ لە بنکەکانی پەکەکە و کوشتنی چەند چەکدارێکی ئەو رێکخراوە، بەڵام پێموایە ستراتیجییەتی تورکیا ئەوە بوو فشار بخاتەسەر واشنتۆن ئەوەی ئەمەریکا فشاری سیاسی بخاتەسەر دەسەڵاتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجوڵەکانی پەکەکە.

**لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی تورکیادا دابەشبوونێکی قوڵ هەیەو بگرە گرژی و ئاڵۆزیش هەیە**

*** بۆچی تورکیا بەم شێوەیە رەفتار دەکات کوردەکان دەکاتە دوژمنی خۆی لە بری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هەڵوێستی کوردەکان نادات لە بەرژەوەندی خۆی؟**

- لە راستیدا دابەشبوونێکی قوڵ هەیە لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لە وڵاتی تورکیادا بگرە گرژی و ئاڵۆزیش هەیە، دامەزراوەی سەربازی تورکیا پێگەیەکی باڵاتری هەیە لە مەسەلەی بەرنگاربوونەوە و شەڕکردن لە دژی پەکەکە. پارتی داد و گەشەپێدانیش هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا لە ناو دانیشتوانی کوردی وڵاتەکەیدا و ویستی سیاسەتێکی جیاوازتر بگرێتەبەر کە ئەوەش رەنگدانەوەی دابەشبوون و گرژی ناو حکوومەتی تورکیایە.

**رای گشتی تورکیا**
**پشتگیری لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکات**

***رەفتار و بڕیارەکانی دامەزراوەی سەربازی تورکیای کردۆتە دوژمنی ناوچەکە، ئایا سەردەمی چارەسەری سەربازی بەسەرنەچووە؟**

من پێموایە تاوەکو پەکەکە چالاکی سەربازی هەبێت لە دژی تورکیا ئەوا دامەزراوەی سەربازی تورکیا هەست دەکات پاساوی هەیە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. تاوەکو هێرشی گەورە لەلایەن پەکەکەوە ئەنجام بدرێت ئەوا رای گشتی تورکیا پشتگیری لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە و بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی. گەر پەکەکە چیتر هێرش نەکات ئەوا سوپای تورکیا هیچ بیانوو پاساوێکی بەدەستەوە نامێنێت بۆ پەنابردنە بەر هێزی سەربازی.

*** ئێستا بڕێکی گەورەی نەوت لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، تورکیاش تاکە دەروازەی سەرەکییە بۆ ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە، بۆچی تورکیا هەوڵنادات وەبەرهێنان بکات لەو بوارەدا ببێتە رێڕەوێك بۆ ناردنە دەرەوەی ئەو نەوتە کە ئەمە بەژەوەندییەکی زۆر بۆ تورکیا دەهێنێتەدی؟**

- لە راستیدا تورکیا نیگەرانی ئەوەیە گەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان پتر بەرەوپێشەوە بچێت و پتر بەهێزبێت ئەوادەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ کوردەکانی نێشتەجێی تورکیا کە هەمان دەسەڵات و پێگەیان هەبێت. وڵاتانی ئێران و سوریا و تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لە رێگەگرتن لە دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ.

***سەرۆك تاڵەبانی بانگهێشتی رەسمی کراوە بۆ ئەوەی سەردانی تورکیا بکات، پێتوایە ئەم سەردانەی سەرۆك تاڵەبانی کێشەکان لەگەڵ تورکیادا چارەسەر دەکات؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان رێوشوێن و هەنگاوی بەهێز دەگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی پەکەکە. واتە تاوەکو پەکەکە بەردەوام بێت لەسەر جێگیرکردنی بنکەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا ئەوا تورکیا بەردەوام دەبێت لەسەر هێرشی ئاسمانی و تەنانەت لەشکرکێشی و هێرشی زەمینیش.

***چ راسپاردەیەکت هەیە بۆ کورد؟ پێتوایە دەبێت چی بکەن لە مامەڵکردنیاندا لەگەڵ تورکیا و لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا؟**

من پێموایە گرنگترین شت ئەوەیە کە رێگەنەدەن پەکەکە چالاکی سەربازی دژی تورکیا ئەنجام بدات. ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسییەوە هەبێت من پێموایە سەرکردە کوردەکان بەرپرسیارانە رەفتاریان کردووە بۆ جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی، بەڵام هەروەك دەزانین کە بارودۆخی ئاسایش زۆر خراپ بووە، ئەمەش وا دەکات سنوورێك بۆ هەوڵەکانت هەبێت بەتایبەتی کە ململانێی سیاسی شیعە و سوننەکان یەکلانەکراوەتەوە و درێژەی هەیە.

**کۆمارییەکان دەرفەتێکیان بۆ دروست دەبێت تاوەکو بڕیار لەسەر سیاسەتی داهاتووی ئەمەریکا بدەن لە ئاست عێراقدا**

**کاتێک سەرۆک بۆش پۆستی سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت ژمارەیەکی بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە، کە دەگاتە نزیکەی هەمان ئەو ژمارەیەی پێش ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان لە عێراقدا هەبوون**

## ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکرێت

***ئایا ئیدارەکەی سەرۆك بۆش دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەو ماوەی چەند مانگی داهاتوودا؟واتە لەماوەی ئێستا تا سەرۆکی تازەی ئەمەریکا هەڵدەبژێرێت؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر هەڵوێست و سیاسەتی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا. لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا گفتوگۆ لە بارەی عێراقەوە دەکرێت و ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی ئەمەریکاش دەکرێت لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەوە. کۆمارییەکانیش دەرفەتێکیان بۆ دروست دەبێت تاوەکو بریار لەسەر سیاسەتی داهاتووی ئەمەریکا بدەن لە ئاست عێراقدا.

## کاتێک سەرۆک بۆش پۆستی سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت ژمارەیەکی بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە

***ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ستراتیجییەتی زیادکردنی ژمارەی هێزە سەربازەکانی پیادەکرد لە پێناو باشترکردنی بارودۆخی ئاسایشدا، پێویستە ولاتە یەکگرتووەکان چ سیاسەت و هەنگاوێك بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە پرۆسە سیاسییەکەدا؟**

- ئەوە ئاشکرا و روونە کە کاتێك سەرۆك بۆش پۆستی سەرۆکایەتی جێدەهێڵێت ژمارەیەکی بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە، کە دەگاتە نزیکەی هەمان ئەو ژمارەیەی پێش ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان لە عێراقدا هەبوون. سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دەبێت بریار لەسەر چارەنووسی ئەو هێزانە بدەن، جۆن مەککاین رایگەیاندووە کە درێژە بە سیاسەتی هێشتنەوەی ئەو هێزانە دەدات، لەلایەکی دیکەوە هەردو پاڵێوراوی دیموکرات سیناتۆر کلینتۆن و ئۆباما رایانگەیاندووە کە پلانی کەمکردنەوە و کشاندنەوەی ئەو هێزانەیان لەبەر دەستە هەموو هێزە شەرکەرەکان پاشەکشە پێدەکەن و رەنگە تەنها یەك دوو لیوای سوپای ئەمەریکا لە عێراقدا بهێڵنەوە. پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە ئایا دەتوانن ئەو نەخشەی کشانەوەیە جێبەجێبکەن، لەبەر ئەوەی پاشەکشەکردن و جێهێشتنی عێراق مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە دووبارە شەڕ و ناکۆکی و توندوتیژی تائیفی و ئیتنی سەرهەڵبداتەوە لە ناو عێراقدا.

## حاڵی حازر ئەمەریکا هیچ پاڵێوراوێکی دیکە شک نابات تاوەکو پشتگیری لێبکات و دەست لە مالیکی هەڵبگرێت

***پێتوایە پشتگیریکردنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق بەردەوام دەبێت؟**

- من پێموایە ئەمەریکا هیچ بەدیلێکی دیکەی نییە. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەواو نائومێدبوو لە سەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەرەوپێشچوون لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی ئاشتبوونەوەی سیاسی و نیشتمانی بهێنێتەدی، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکا هیچ پاڵێوراوێکی دیکە شك نابات تاوەکو پشتگیری لێبکات و دەست لە مالیکی هەڵبگرێت.

## ئەگەر پێکهاتنەوەی نیشتمانی سەرکەوتوو نەبێت دەرئەنجامەکە دابەشبوونی ئەمری واقیع دەبێت

***ئەگەر پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق وەك سوننە و شیعە و کوردەکان نەگەیشتنە کۆدەنگ و رێککەوتنێکی سیاسی، ئایا دەرئەنجامەکانی ئەم رێکنەکەوتنە چی دەبێت و پرۆسەی سیاسی بە چ چارەنووسێك دەگات؟**

من پێموایە دەرئەنجامەکە دابەشبوونی ئەمری واقیع دەبێت. واتە گەر حکوومەتی مەرکەزی کۆنترۆڵی لە دەستدا و حکوومەتە مەحەلییەکان دەسەلات و بەرپرسیارێتی دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکانیان گرتە ئەستۆ ئەوا عێراق دابەش دەبێت بۆ سێ هەرێم، هەرێمی کوردستان و هەرێمی شیعەکان لە باشوور و هەرێمی سوننەکان لە ناوەڕاستی عێراق. ئەمەریکا خوازیاری ئەم دەرئەنجامە نییە و هەوڵی پێکهێنان و درێژەپێدانی حکوومەتێکی ناوەندی دەدات لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵیدا.

## لە عێراقدا زەمەنی حکوومەتی ناوەندی بەهێز بەسەرچوو

***ئایا سیستمی فیدراڵی دەتوانێت یەکێتی عێراق بپارێزێت؟ پێشبینی دەکەیت عێراق وەك ولاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە یاخود چارەنووسی دابەشبوونە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، من ناتوانم پێشبینی داهاتووی دوور بکەم، بەڵام پێموایە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە حکوومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە بەغدا بوونی هەبوو هەروەك لە سەردەمی سەدام حوسێندا، لەبەر ئەوە حاڵی حازر ئەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆییە، هەروەها هێزگەلێکی زۆریش هەیە لە باشوور و لە بەسرەدا کە خوازیاری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاترن. واتە حکوومەتی ناوەندی زۆر لاوازە، من پێموایە لە داهاتوویەکی نزیکیشدا حکوومەتی ناوەندی بە لاوازی دەمێنێتەوە. رەنگە ئەوە لە داهاتوویەکی دووردا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد لە ئایندەی نزیکدا عێراق لە باری دابەشبووندا دەبێت.

## سەردانی ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق رەنگدانەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە عێراقدا

***راوبۆچوونتان چییە لەسەر سەردانەکەی ئەحمەدی نەژاد؟ ئایا پێشبینی چ دەرئەنجامێکی لێدەکرێت؟**

لە راستیدا ئەوە رەنگدانەوەی پێگەی بەهێزی ئێرانە لە رووی دەستڕۆیشتووی ئێرانەوە لەسەر بارودۆخی عێراق بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرێك لە پارت و گرووپە سیاسییەکانی ناو عێراقەوە. من پێموایە ئێران رۆڵێکی گەورە دەبینێت و کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر ئاسایش و بەرەوپێشچوونی سیاسی لە عێراقدا. سوننەکان نیگەرانن لە هەڵکشانی رۆڵ و دەستڕۆیشتووی ئێران لە عێراقدا و هەندێك لە شیعەکانیش

**ئەمەریکا تەواو نائومێدبوو لە سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبەر ئەوەی نەیتوانی بەرەوپێشچوون لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی ئاشتبوونەوەی سیاسی و نیشتمانی بهێنێتەدی، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریکا هیچ پاڵێوراوێکی دیکە شک نابات تاوەکو دەست لە مالیکی هەڵبگرێت**

**گەر حکوومەتی مەرکەزی کۆنترۆڵی لە دەستدا و حکوومەتە مەحەلییەکان دەسەلات و بەرپرسیارێتی دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکانیان گرتە ئەستۆ ئەوا عێراق دابەش دەبێت بۆ سێ هەرێم**

**پرۆفیسۆر پیتەر سلاگ نێت ئوستادی مێژوو لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# زۆر زەحمەتە لەسەر بارودۆخی عێراق پێشبینی بکرێت لەبەر ئەوەی سەرکەوتن لە عێراقدا مەحاڵە

**پرۆفیسۆر پیتەر سلاگ نێت، ئوستادی زانستی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی Utah و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی دروستبوونی عێراقی نوێ ١٩١٨-٢٠٠٣، لەسەر مێژووی عێراقیش چەندین کتێبی نووسیبوو لەوانە: هەندێك کاردانەوە لەسەر سروشتی بەریتانیا لە عێراقدا لە ساڵانی ١٩١٨-١٩٤٦، ١٩١٤-١٩٣٢. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣یش کتێبێکی بەناونیشانی (مێژوویەکی ڕێکخراو بۆ عێراقی ٢٠٠٣) بڵاوکردۆتەوە. پرۆفیسۆر سلاگ نێت بە یەکێك لە پسپۆرانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ئاستی جیهان پۆلێن کراوە. سەبارەت بە ئاییندەی سیاسی عێراق، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر سلاگ نێت کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**زۆر زەحمەتە لەسەر بارودۆخی عێراق پێشبینی بکرێت**

*** وەکو شارەزایەك لە مێژووی سیاسیی عێراق، ئەمڕۆ عێراق بە قۆناغێکی گرنگ و ناسك تێدەپەڕێت. ئایا بەڕێزت تێڕوانینت چییە بەرامبەر بە باری ئەمڕۆی عێراق؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، هەروەکو هەموومان دەزانین داگیرکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق بووە هۆی دروستبوونی چەند بارودۆخێکی ئاڵۆزو چاوەڕوان نەکراو. بۆیە زۆر زەحمەتە پێشبینی بکرێت لەسەر باری عێراق، یان پێشبینی بکرێت لەسەر ئەوەی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا ببێت لە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق دەیبینم بریتییە لە بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیی تایفەگەری، کە پێشتر هەرگیز بەم ئاست و ڕێژەیە بەرزە نەبووە. لەبەر ئەوە، چاککردنەوە و بەئاسایی کردنی بارودۆخەکان بووەتە ئەرکێك و کەوتووەتە سەر شانی عێراقییەکان کە لەوانەیە ساڵانێکی زۆر بخایەنێت بۆ وەدیهاتنی. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پێویستە ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لەم پرۆسەیە ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی سیاسەتی نەرم و کارا.

**لەو بڕوایەدا نیم سەرۆک تاڵەبانی بتوانێت ئەم کێشەیە بە ئاسانی چارەسەربکات**

*** تاکو ئەمڕۆش، عێراق هەر لەژێر هەڕەشەی وڵاتانی**

**دراوسێ بووه. بەڵام ئێستا دەبینین جۆرە تێگەیشتنێك هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی لەدوای سەردانەكەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق، سەرەڕای سەردانەكەی سەرۆك كۆمار جەلال تاڵەبانی بۆ توركیا. ئایا بەڕێزت لەو بڕوایەدای كە سەردانەكەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی كاریگەریی هەبێت لە ئاسایی كردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان عێراق و توركیا؟**

- لەڕاستیدا، ئەمە ئەو گرفتەیە كە كوردەكانی عێراق نایانەوێت قسەی لەسەر بكەن. بەتایبەتی لەگەڵ هەبوونی كێشەی PKK، سەرەڕای دەستێوەردانەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق. ئەمەش كێشەیەكە كە چارەسەركردنی زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی هەر وەكو دەزانن سنووری نێوان توركیاو عێراق سنوورێكی فراوان و گەورەیەو چەكدارەكانی PKK زۆر بەئاسانی دزە دەكەنە ناو خاكی هەرێمی كوردستان، هەروەها وەكو ئاشكرایە زۆربەی كوردەكان سۆزیان هەیە بۆ PKKو پشتگیرییان لێ دەكەن لەو كارو چالاكییانەی كە لەدژی حكوومەتی توركیا ئەنجامی دەدات، مەبەستم هەموو كوردەكان نییە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی، PKK هەوڵ دەدات بۆ بەرزكردنەوەی سۆزی نەتەوایەتیی كوردەكانی توركیاو پاراستنی ماف و ئازادی و بەرژەوەندییەكانیان كە كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لەسەر كوردەكانی عێراق. بۆیە، لەو بڕوایەدا نیم سەرۆك تاڵەبانی بە ئاسانی بتوانێت ئەم كێشەیە چارەسەربكات.

## بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتن لە عێراقدا بەدەست نایەت

*** لەماوەی ٥ ساڵدا، سیاسەت و ستراتیژییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا نەیتوانی سەركەوتن بەدەست بێنێت لە عێراق. بۆیە، بێجگە لە سەركەوتن، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هیچ ڕێگاچارەیەكی تریان لەپێش نییە. بەڕای تۆ، لەماوەی ئەم ساڵەو مانەوەی سەرۆك بۆش لە كۆشكی سپی دەبێتە مایەی وەدی هێنانی سەركەوتنی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە عێراق؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك «بۆش»و «ڕامسفێڵد» بەرپرسیارن بەرامبەر بەم سیاسەتە بێ مانایانەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە عێراق. بۆیە، تاكە ئومێدمان بریتییە لەوەی كە كەسێك بێت بۆ كۆشكی سپی، بە بیرو ستراتیژییەتێكی نوێوە، كە بتوانێت لایەنە سیاسییەكانی عێراق كۆبكاتەوە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنێكی بونیاتنەر، لەپێناوی كۆتایی پێ هێنانی توندوتیژیی تایفەگەری لەعێراق. بۆیە من بڕوام وایە كە مانەوەی سەرۆك بۆش لە كۆشكی سپی هیچ كاریگەرییەكی نابێت لە ئەنجامدانی گۆڕانكاری لە بارودۆخی عێراق.

## لە پێناوی پەرەپێدانی ئاشتەوایی سیاسی لە عێراق پێشی هەموو شتێک پێویستە کۆنفرانسێک بۆ وڵاتانی دراوسێ ئەنجام بدرێت

*** لەپێناوی سەقامگیریی ڕەوشی ئاسایش، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەستا بە پیادەكردنی سیاسەتی «Surge» لە عێراق. ئایا بەڕای تۆ، چ ڕێگاچارەیەك پێویستە پیادە بكرێت بۆ پەرەپێدانی ئاشتەوایی سیاسی لە عێراق؟**

- لەپێناوی پەرەپێدانی ئاشتەوایی سیاسی لە عێراق، بەڕای من، سەرەتاو پێشی هەموو شتێك پێویستە كۆنفرانسێك بۆ وڵاتانی دراوسێ ئەنجام بدرێت، مەبەستم لە: توركیاو سوریاو ئێران و عەرەبستانی سعودیە، بۆ ئەوەی تاوتوێكردنێكی چڕبكرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانە. هەروەكو دەزانین، یاخیبووە سوننەكان لە عەرەبستانی سعودیەوە پاڵپشتییان لێ دەكرێت و پارەو چەكیان بۆ دابین دەكرێت، مەبەستم حكوومەتی سعودیە نییە، بەڵكو تاكەكان تەمویلی یاخیبووە سوننەكان دەكەن، بەڵام ئەو ڕاستییە ئاشكرایە كە سەرچاوەكەیان لە سعودیەوەیە. هەروەها بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەكان لەگەڵ ئێران بەشێوەیەكی ئاشتییانەو دروست كارێكی گرنگ و پێویستە. بەتایبەتی لەدوای سەردانەكەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق كە بە هەنگاوێكی بونیاتنەرو بەسوودو گرنگ دادەنرێت.

## هەرێمی کوردستان پێویستە بەڵام هەرێمی شیعە و سوننە بێ مانایە

***لەماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، عێراق ئەو ڕاستییەی سەلماند كە ناتوانێت لەڕێگای بەكارهێنانی هێز بە یەك پارچەیی بمێنێتەوە. بۆیە، فیدراڵییەت تاكە ڕێگایە بۆ پاراستنی یەك پارچەیی عێراق. ڕای تۆ چییە؟ ئایا تۆ لەو بڕوایەدای كە فیدراڵییەت بتوانێت یەك پارچەیی عێراق بپارێزێت؟**

- بڕواناكەم فیدراڵییەت كاریگەریی هەبێت لەم بارەیەوە، بەڕای من دروستترین و باشترین شت ئەوەیە كە هەرێمێكی كوردستان هەبێت. نزیكەی ١٦ ساڵە ئێوە جۆرە ئۆتۆنۆمییەكتان هەیە لە باكووری عێراق. بەڵام بەڕای من مەحاڵەو لەگەڵ ئەوەدا نیم هەرێمێكی شیعە یان هەرێمیكی سوننە لە عێراق دروست ببێت و بەڕای من شتێكی بێ مانایە، پێویستە شیعەو سوننەكان ڕێككەون لەسەر ئایندەیەكی سیاسی بۆ هەردوو لایەن لە عێراق.

## پێویستە گەشبین بین لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان

*** هەرێمی كوردستان و بەپێچەوانەی ناوچەكانی تر، ئارامترین و هێمنترین ناوچەیە لە عێراق. ئەمڕۆش هەرێمی كوردستان كەوتووەتە ژێر فشاری هەڕەشەكانی توركیاو بەغدا بە پێی پێویست هاوكاریی هەرێمی كوردستان ناكات. ئایا ئایندەی هەرێمی كوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بەڵێ، هەر لەم ڕووەشەوە پێویستە گەشبین بین لەسەر ئایندەی هەرێمی كوردستان. كێشەی ناوخۆیی توركیا كێشەیەكە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیەو تاكو چەكدارەكانی PKK نەتوانن بێن بۆ باكووری عێراق ئەوە توركیا هیچ كارێكی نامێنێت لە عێراق و نابێتە مایەی هەڕەشە بۆ ناوچەكە.

●●●

**سەرۆک «بۆش»و «ڕامسفێڵد» بەرپرسیارن بەرامبەر بەم سیاسەتە بێ مانایانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق**

●●●

●●●

**تاکە ئومێدمان بریتییە لەوەی کە کەسێک بێت بۆ کۆشکی سپی، بە بیرو ستراتیژییەتێکی نوێوە، کە بتوانێت لایەنە سیاسییەکانی عێراق کۆبکاتەوە بۆ ئەنجامدانی دانوستاندنێکی بونیاتنەر، لە پێناوی کۆتایی پێ هێنانی توندوتیژیی تایفەگەری**

●●●